# پاش بونیادگەری

نووسینی

تێری ئیگلتۆن

# پاش بونیادگەری

وەرگێڕانی

سەلاح حەسەن

سلێمانی 2003

**زنجیرەی كتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**كتێبی گیرفان ژمارە (28)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

# پاش بونیادگەری

نووسینی: تێری ئیگلتۆن
وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن
بابەت: تیۆریی ئەدەبی
مۆنتاژ: تاڤگە فائق
هەڵەچنی چاپ: هەوار شەریف
ژمارەی سپاردن: ی 2002

www.sardam.net

پاش بونیادگەری 5

# پێشەکی

ئەم دوو بابەتە بەشێکە لە کتێبەکەی تیری ئیگلتۆن بە ناونیشانی (پێشەکیەك لە بارەی تیۆری ئەدەبی)، پێکهاتووە لە پێنج بەشی سەرەکی، کە ئەمانەن: سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی، دیاردەناسی (فینومینولوژیا)، ڕاڤەناسی، تیۆری مەعریفە، - بونیادگەریو ئاماژەناسی پاش بونیادگەری - شیکردنەوەی دەروونی.. هەروەها پێشەکی ئەم کتێبە بە وتارێك دەست پێدەکات وەك پێناسەکردنێکی تازە بۆ ئەدەب. لە کۆتاییدا ڕووی کردۆتە پێشکەشکردنی گۆشەنیگایەکی نوێ دەربارەی دنیای سیاسەت و ئەدەب، ئەویش لە وتاری ڕەخنەی سیاسیدا بە جوانی دەردەکەوێ.

دیارە زۆربەی بەشەکانی ئەم کتێبە گرنگن، بـەڵام ئـەم بەشـە تایبەتیـەکی تێدایـە کـە پێویستە خوێنەر پێی ئاشنا بێت.

-وەرگێڕ-

# پاش بونیادگەری

خوێنـەران ئـەوەیان لـەیادە کـە سۆسـێر، لـە راستیدا، مەسەلەی مانا لە زماندا، ئەگەڕێنێتـەوە بۆ جیـاوازی. "بـەرد" بۆیـە "بـەرد"ە چونکـە نـە "بەرد"ە نە "بەران"، بەڵام مەودای ئەم جیاوازییە تا کوێ ئەتوانێت بەردەوام بێت "بەرد" بۆیە (بۆر) یـاخود (بـزن) نییـە چونکـە (بـەرد)ە، بـزن بۆیـە (بزن)ە چونکە (بۆر) یاخود (بۆز) نیـە. ئـەبێ لـە کوێدا بگەینە ئەنجامی ئەم کۆتاییە. وا دیارە لە زماندا ئەتوانین تا دوامەودا دوای پرۆسـەی ئـەم جیاوازییە بکەوین، ئەگەر ئەمە وا بێت، ئایا ئەو بۆچوونـەی سۆسێر لە بارەی زمانەوە، کە گوایـە

بریتییە لە سیستەمێکی راوەستاو و داخراو، چی لێ بەسەر دێت، ئەگەر هەر نیشانەیەك هەر ئەوە بێ کە هەیەو نیشانەیەکی دیکە نیە لەم ڕووەوە، واش دەرئەکەوێ کە هەر نیشانەیەك لە زنجیرەیەکی بێشومار جیاوازی پێکهاتوە. لەم ڕوەوە زیاتر لە بۆچوونی "پێناسەی نیشانە"دا پێویستی بە کاری جادوگەرییە. زمان لە فەرهەنگی سوسێردا وا خراوەتە ڕوو کە گوایە مانایەکی سنوردارە، بەلاَم سنوری ئەم سنوردارییە لە کوێی زماندا دیاری ئەکرێت؟

شێوەیەکی تر بۆ ڕونکردنەوەی دیدی سۆسێر دەربارەی چیەتی "ماهیەت"ی جیاوازی مانا، ئەوەیە کە بلێین مانا هەمیشە دەرئەنجامی لێکجیاکردنەوە، یان {دابەشکردن}ی نیشانەکانە، "بەلەم" وەك دالێك، تێگەیشتن یاخود مەدلولی "بەلەم"مان پێ ئەبەخشێ، چونکە خودی "بەلەم" لە "مەدلولی شەلەم" جیا ئەکاتەوە. ئەتوانین بلێین مەدلول دەرئەنجامی جیاوازی نێوان دوو دالە، بەلاَم ئەم مەدلولە دەرئەنجامی جیاوازی نێوان چەند دالێکی دیکەیە وەك "قەلَم، قەلَەو، قەلَوە.."و ئەو دالانەی کە لەو ئەچن. ئەمەش

پرسیار لە بارەی بۆچونی سۆسێر دەربارەی زمان دێنێتە کایەوە کە بریتیە لە یەکەیەکی ڕێكوپێك کە لە نێوان دالێك و مەدلولێکدا هەیە..

لە ڕاستیدا مەدلولی "بەلەم" دەرئەنجامی کارێکی هاوبەرامبەرو پڕ پێچ و پەنای ئەو دالانەیە کە کۆتاییەکی دیاریکراویان نییە. پێشئەوەی مانا بە دالێکەوە، تێگەیشتنێکی هەبێت، ئەنجامی کێشمەکێشمێکی بێکۆتایی نێوان دالەکانە، دال وەك ئاوێنەیەك نییە یەکسەر بەرەو مەدلول ڕێنوێنیمان بکات، واتە لە نێوان سەرەدال و سەرەمەدلولەکان لە زماندا پەیوەندیەك نییە هاوئاهەنگ بێ و بە دوای یەکتردا بێت.

ئەگەر ویستت مانا (یاخود مەدلول)ی دالێك بزانی، ئەتوانی پەنا بۆ فەرهەنگی زمان ببەیت، بەڵام ئەو مانایەی چنگت ئەکەوێ، دیسانەوە دالی دیکەی هەیە. دوبارە ئەتوانین بە دوای مەدلولەکانیدا بگەڕێیت، بەمجۆرە کارەکە دوبارە ئەبێتەوە. ئەو کردارەی ئێمە باسی ئەکەین، نەك لە بواری تیئۆریدا {بە تەنیا} بێ کۆتاییە، بەڵکو

بریتییە لە شێوەیەك كرداری بازنەیی، واتە دالەكان هەمیشە ئەبنە مەدلول. هەروەها بە پێچەوانەوە هەرگیزیش ناگەی بە دوامەدلولێ كە ئیتر دالێكی نەبێ...

ئەگەر كاری بونیادگەری بریتی بێت لە جیاكردنەوەی نیشانە لە مانا، ئەوا ئەم جۆرە بیركردنەوەیە - كە بە زۆری پێی ئەڵێن "پاش بونیادگەری" هەنگاوێكەو بەرەو پێشەوە ئەڕواو دال لە مەدلول جیا ئەكاتەوە.

ئەوەی خستمانە ڕو، با بە شێوەیەكی تر دەری بڕین، ئەویش ئەوەیە كە مانا بە شێوەیەكی دابڕاو، لە یەك نیشانەدا نییە. لەوەدا كە مانای هەر نیشانەیەك پەیوەستە بەوەی كە نیشانەی ئەو نییە، ناچار مانای نیشانە هەمیشە ڕاڤەیەكە لە دەرەوەی ئەو نیشانەیەوەیە. بە مانایەكی تر {مانا} بە درێژایی زنجیرەی دالەكان پەرش و بڵاوبۆتەوە، نە ئەتوانین بە ڕونی جێگای ئەو نیشانانە دیاری بكەین، نە لە یەك نیشانەی تاكدا بە شێوەیەكی تەواو ئامادەیی هەیە، بەڵكو لە یەك كاتدا شێوەیەكە لە دوانەی ئامادەبوون و ونبوون.. خوێندنەوەی دەقێك لە كرداری ئەم

جوڵە بەردەوامە ئەچێت، تا لە ژماردنی دانەکانی تەسبیحێ بچێت.

بۆچونێکی تریش هەیە بە پێی ئەو بۆچونە ناتوانین لە زەمینەی زماندا، خۆمان بە ماناوە ببەستینەوە. ئەم بۆچونەش لەم ڕاستییەوە سەرچاوە ئەگرێ کە زمان کردارێکی زەمەنییە. کاتێك ڕستەیەك ئەخوێنمەوە، مانای ئەو ڕستەیە هەمیشە ناجێگیرە، شتەکە وەك خۆی ماوەتەوەو دواکەوتوە، یاخود لە حاڵەتی هاتندایە، هەر دالێك بۆ دالێکی دیکەم ئەبات، ئەو دالەش بۆ دالێکی دیکە، لەم بزوتنەوەیەدا مانا–یەکەمەکان ماناکانی دوایی ئەو دیاری ئەکەن. هەرچەندە ڕەنگە ڕستەکە بگاتە ئەنجام، بەڵام کرداری زمان هەروا بەردەوام بە ناتەواوی ئەمێنێتەوە.

هەمیشەو هەر کاتێك ئەم کردارە بگاتە ئەنجام، مانای زیاتر دێتە ئاراوە. هەروەها تێگەیشتنی ڕستەکانمان چنگ ناکەوێ، یان بە ڕیزکردنی وشەکان بە شێوەیەکی میکانیکی، بۆئەوەی وشەکان مانایەکی مەنطقیو ڕێكوپێك ببەخشن، ئەوا مەرجە کە هەر یەك لەم وشانە هەڵگرەوەی شوێن پێی وشەکانی پێشوی خۆی بێت. هەروەها

ڕێگا بۆ ئەو وشانە خۆش بکات کە پاش ئەو دێن. لە میانەی زنجیرەی ماناکاندا هەر نیشانەیەك تا ئەندازەیەك لە ژێر کاریگەری یاخود لە سایەی نیشانەکانی تردایە، بەمجۆرە رشتەیەکی ئاڵۆز دێتە کایەوە کە بێ کۆتاییە. بەم پێوەرە هیچ نیشانەیەك ناتوانێ نیشانەیەکی پاراو یاخود تێگەیشتنی مانایەکی تەواو بێت، چونکە بەم شێوەیە زنجیرەیەکی بازنەیی بێ کۆتایی دروست ئەبێت.

لەهەمانکاتدا کە ئەم ڕوداوە بەئەنجام ئەگات، ئەتوانین ئەگەر بە شێوەیەکی ناهوشیارانەش بێت، لە هەر نیشانەیەکدا جێ پێی وشەیەکی دیکە بدۆزینەوە، کە نیشانە بنەڕەتیە ناوبراوەکەی (ئەو نیشانەیەی لەسەر ڕوی تەوەرەکان جێگیرە) خستوەتە لاوە تا خۆی بتوانێ وەکو خۆی بمێنێنەوە. "بەرد" بۆیە "بەرد"ە چونکە خۆی لە "بەران" و "دار" جیا ئەکاتەوە، بەڵام لەولاوە ئەو نیشانە شیاوانەی کە خراونەتە لاوە، لە ڕاستیدا لە ناساندنی ئەو نیشانانەدا پەناهەندەن، بە شێوەیەك لە شێوەکان لە ناخی ئەم نیشانانەدا ئامادەبوونیان هەیە.

بەرامبەر بەم حاڵەتە ئەتوانین دان بەوەدا بنێین کە مانا هیچ کاتێك لەگەڵ خۆیدا تەنیا نیە، مانا ئـــــەنجامی کـــــرداری دابەشـــــبوون و پارچەپارچەبوونی ئەو نیشانانەیە کە تەنیا بەم بەڵگەیە خۆیانن و نیشانەیەکی تر نین. مانا چەمکێکی هەڵواسراو یا داخراوەو لە باری هاتندایە، بەڵام لە یەك حاڵەتدا مانا لەگەڵ خۆیدا تەنیا نیە، ئەویش ئەو حاڵەتەیە کە نیشانەکان ئـــەبێ هەمیشـــە توانـــای دوبارەبوونـــەوەو دروستبوونەوەیان هەبێ. نابێ {نیشانە} وەك ئاماژەیەك بێت و تەنیا جارێك روو بدات، بەڵام ئەم راستییە ئەڵێ کە نیشانە توانای دروستبوونەوەی هەیە.

هەمان بابەت بە هۆیەك بۆ کاری دابەشکردنی ئەو ئەژمێررێ، چونکە هەموو کاتێ ئەتوانرێ لە رستەیەکی دیکەدا بە شێوەیەك دروست بکرێتەوە کە مانایەکی دیکە ببەخشێ. ئەو کارەش ئاستەنگە. ئەگەر بمانەوێ لەوە تێبگەین ئایا لە بناغەوە نیشانەیەك بە چ مانایەك هاتووە، یاخود دەقی بناغەیی ئەو دەقە چی بووە، بۆئەوەی نیشانەکەی بناسرێتەوە، لە هەلومەرجی جۆراو

جۆری وادا، ئەبێ لە پێوەری دیاریکراو و جێگیر دور بکەوینـــەوە. چونکــە بــە هــۆی جیـــاوازی دارشتنەکانەوە هیچ کاتێ ئەوەی کە بوە ئەوە نیـە، ناگاتـە یـەکبوونێکی تـەواو لەگـەڵ خـودی خۆیدا، وشەی (کات *Cat*) بۆ وێنەی شتێکی چوار دەسـت و قـاچ توکـن، مرۆڤێکـی کـین لــە دڵ، قامچیەکی پڕ لە قین، ئەمریکاییەك، ئەو ستونەی بۆ لەنگەری کەشتی دائەنرێ، جۆرێك لە سێپا، عەسـایەکی مۆمینـەی بچـوك.. هتـد دائـەنرێ – مانای ئەم وشـەیە لـە تـۆڕە جۆربـەجۆرەکاندا بـە تەواوی یەکسان نییە، تا ئەو کاتەی ماناکەی بە تەنیا گیانلەبەرێکی چوار دەست و پێ توکنە. لە ئـەنجامی خـزان بـەرەو نێـو زنجیرەیـەك لــە داوی دالـەکاندا، ماناکـان ئـەگۆڕرێن، هــەموو ئەوانــەی خستمانە ڕوو مانای ئەوە ئەبەخشن کە زمان زۆر لـەوە ناجێگـیرترە کـە بونیادگـەرە کلاسـیکیەکان باسیان کردووە.

وا دیارە کە زمانی ئـەمڕۆ لـە جیـاتی ئـەوەی خـاوەن بونیـادێکی تـەواو وەسـفکراو و دیـاری هــەبێو لــە یەکــە گونجاوەکــانی دال و مــەدلول پێکهاتبێ، بووە بە تۆڕێکی بێسنور، ڕەگەزەکانی

بەردەوام لە حاڵەتی جێگۆڕکێ و گۆڕانکاریدان، هیچ کام لەو ڕەگەزانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ ناتوانرێ پێناسە بکرێ، هەر شتەو لە چنگ و لە ژێر کاریگەری شتەکانی تردایە، ئەگەر وا بێ، ئەوە تێسرەواندنێکی گەورەیەو بەر پەیکەری تیئۆرە باوەکانی مانا ئەکەوێت..

بە پێی روانینی ئەم تیئۆرانە، وێنەی ئاماژەکان. ڕەنگدانەوەی ئەزمونە دەرونی یاخود دنیای واقعییە، تا لە راگوزەری ئەوەوە ئەندێشەو هەستەکانی تاکەکەسی {بەدەر بخات}، یاخود باسی چۆنیەتی حەقیقەت بکات، پێشتر لە باسکردنی بونیادگەریدا هەندێ مەسەلەمان بەرچاو کەوت سەبارەت بە ئەندێشەی *Representational*، بەڵام ئێستا گرفتی زیاتر سەرهەڵدەدات، چونکە لەو تیئۆریەی ئێستادا کە خستمە روو، هیچ شتێك لە نیشانە زمانەوانییەکاندا بە تەواوی دەرناکەون، یان بەو بۆچوونەی کە ئەتوانم لە وتن یان نوسیندا لە لایەن کەسانی دیکەوە ئامادەیی تەواوم هەبێت. ئەمە لە خەیاڵ زیاتر هیچی دیکە نییە، چونکە سودوەرگرتن لە نیشانەکان، پێویست ئەکات ئەو

مانایــەی کــە بــەکاری ئــەهێنم پــەرش و بــڵاو و پارچەپارچە بێ، نەك لەگەڵ خودی خۆیـدا تـەبا بێ، نەك تەنیا ماناکانی لای من بێ. لە راستیدا من خۆشم گرفتاری ئەو بارەم، چونکە ئەو کاتەی کە زمان بەکارئەهێنم، ئامرازێك نیـە پـەیمانخواز بێ، بەڵکو زمان شتێکە من لەوەوە دروست بووم. هەمو ئەو بۆچوونانەش کە دەڵێ من بونەوەرێکی نامۆو جێگیرم، ئەتوانین وەك ناواقعیەك بیانبینین. نەك تەنیا من ناتوانم لە بەرامبەر کەسانی دیکەدا ئامادەییەکی تەواوم هەبێت، بەڵکو بەرامبەر بە خۆشم ئامادەیی تەواوم نییە.

بۆ گەڕان لە ئەقڵدا یان لـە گیـانی خۆشمـدا، پێویستم بە نیشانەیە. ئەمەش مانای وایە ناتوانم هـەرگیز لەگـەڵ خۆمـدا (یـەکبوونێکی تـەواو)م هەبێ. ئەمەش ئەو مانایە ناگەیەنێ کە من ئەتوانم مانا، مەبەست، یـاخود ئـەزمونێکی پـاراو و بـێ غـەل و غـەش و ناتـەواوم هـەبێ کـە لـە میانـەی بەکارهێنانیدا لە زماندا توشی لادان و دابەشبوون بووبێ. زمـان ئـەو هەوایەیـە کـە هەناسـەی پـێ ئـەدرێ، بـە هـەر شـێوەیەك بـێ مانـا یـاخود ئەزمونێکی پاك یان عەیبدارو ناتەواوم هەیە.

تەنیا ڕێگایەك كە ئەتوانم بڕوا بە خۆم بهێنم، بەوە دێتە دی لە كاتی ئاخاوتندا گوێ لە دەنگی خۆم بگرم، نەك بە نوسینەوەی بیروڕاكانم لەسەر ڕوپەڕی كاغەز. لەو بڕوایەدام هاوجوتبوونی خۆم لەگەڵ بوونی خۆمدا لە كاتی ئاخاوتندا جیاوازە لەگەڵ ئەو هاوجوتبوونەی لە كاتی نوسیندا روو ئەدات. لە كاتی ئاخاوتندا ئەو وشانەی دەریان ئەبڕم بێ هیچ شتێك لە ئاگایی مندا ئامادەن، دەنگیشم بریتییە لە دەوروبەری خودیو خۆبەخۆیی ئەوان. بە پێچەوانەی ئەمەوە لە كاتی نوسیندا ماناكان هەوڵ ئەدەن لە ژێر چنگم دەرباز بن. ئەندێشەكانی خۆم ئەسپێرمە دەوروبەرە ناكەسایەتیەكان، ئەیسپێرمە چاپ، لە چاپدا دەق بونێكی مادیو بەردەوامی دەبێت، چاپ بە بەردەوامی توانای ئەوەی هەیە زانیاریەكان بگۆڕێو بیسوڕێنێتەوەو بیانگەیەنێ، شێوەی سودوەرگرتنی جۆراوجۆر ئەگرێتەخۆی، كە قابیلی پێشبینی یاخود مەبەست نییە، وا پێ دەچێ لەو حاڵەدا نوسینەكانم زەوتم بكەن یا بمڕفێنن. نوسین، شێوەی دووەمی پەیوەندییە، بۆیە بە چاپی دووەمی ووتن ئەژمێررێ، بەڵام

چاپێکی بێ ڕەنگ و میکانیکی. بۆیە بەردەوام لە ئاگایی منەوە دورەو هەڵدێ، بۆیە یاسای فەلسەفی لە ئەفلاتونەوە تا لیڤی شتراوس وەك بەیاننامەیەکی مردو و نامۆ و ناشیرینکراو تەماشای نوسینیان کردووە، دەنگی زیندویان بە راست زانیوەو پێشوازیان لێ کردوە. لە پشتەوەی ئەم دەمارگیرییە، لە لایەن (مرۆڤ)ەوە دیدێکی تایبەت سەری هەڵداوە، مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆبەخۆیی توانای پێشکەشکردنی ماناکانی هەیەو توانای ئەوەشی هەیە کاری ئەفراندنیان تیادا ئەنجام بدات. هەروەها بە تەواوی خاوەنی خۆی بێتو زمان وەك دەوروبەرێك بۆ گەیاندنی هەستە دەرونیەکانی خۆی بەکاربهێنێ.

ئەوەی بە داپۆشراوی لە دیدی ئەم تیئۆرە ئەمێنێتەوە ئەوەیە کە "دەنگی زیندوو"ش لە واقیعدا بە ئەندازەی دەقی چاپکراو حاڵەتێکی ماددی هەیە، هەر لێرەوە نیشانە نوسراوەکانو نیشانە گوتراوەکان، لە میانەی جیاوازی جیابوونەوەدا کار ئەکەن. بە هەمان ڕادە گوتار

ئەتوانێ شێوەیەك بێ لە نوسین کە نوسین بە دەستی دوەمی گوفتار دائەنرێ.

لە کاتێکدا کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا فەلسەفەیەکی "چەقبەستوە بە دەوری دەنگ"دا *Phonocentric* زۆر دەمارگیرانە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە پێویستە نوسین {دەنگی زیندوو} بێت لە چەمکێکی بەرفراوانتردا، واتە چەقبەستو بە دەوری لۆگۆدا واتە "مەنطق"، کە بۆتە شێوەیەك لە گوتنی ڕەها، بوون، کرۆك، حەقیقەت یا واقیع وەك بونیادێکی تەواوی ئەندێشەو زمانو ئەزمونی ئێمە کە کار ئەکات بگات بە نیشانەیەك مانا ببەخشێتە گشت نیشانەکانی تر. واتە گەیشتن بە (دالی تەموژاوی)...

هەروەها مانایەکی بێ پێچوپەنای وەها کە هەمو نیشانەکانی ئێمە دەلالەت بەو ببەخشن، کە پێی ئەوترێ "مەدلولی تەموژاوی". هەمیشە ئارەزویەکی گەورە هەبووە.. کە لە نێوەند و نێوەندێکدا ژمارەیەکی زۆر خۆیان بۆ ئەم دەورە هەڵبژاردووە "خوا، بیر، روحی گەردون، نەفس، کرۆك، ماددە... هتد". هەریەك لەم چەمکانە هیوایەکە بۆ داڕشتنی سیستەمەکانی ئەندێشەو

زمان، کە ئەبێ خۆی زیاتر بریتی بێت لەم سیستەمو دورکەوتنەوە لە گومانی جیاوازییە زمانەوانیەکان.

ئەم چەمکە ناتوانێ لە قاڵبی ئەو زمانەدا جێی خۆی بکاتەوە کە خۆی مەبەستی بەخشینی سامان و جێگیرکردنێتی. ئەبێ بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرامبەر بەم کارە زمانەوانییە بوونێکی هەبێ، هەروەها بوونی ئەم، پێش بوونی ئەویان بێت، ئەبێ جۆرە مانایەك هەبێت، بە پێچەوانەی ماناکانی ترەوە لە ئەنجامی بەرهەمی گەمەی جیاوازیەکانەوە نەبێ، مەرجە وەك هەمو مانای ماناکان خاڵی چەقبەستنی هەموو سیستەمە فیکرییەکان بێت. نیشانەیەك بێت گشت نیشانەکانی دیکە بە دەوری ئەودا بسوڕێنەوە. هەموشیان خۆبەخشانە ئەو نیشانانە لە خۆیاندا ڕەنگ بدەنەوە.

یەکێك لە پەیامەکانی ئەم تیئۆرە زمانەوانییە پێشتر بە کورتی باسم کرد، ئەوەیە ئەم جۆرە زمانە بالأیانە هەمویان ئەفسانەن: هەرچەندە ڕەنگە ئەفسانەیەکی گرنگیش بن، هیچ چەمکێك نییە گرفتاری گەمەی بێ کۆتایی دەلالەت یاخود

لـە ژێـر کاریگـەری ئەندێشـەکانی دیکـەدا نـەبێ تـەنیا مەسـەلەیەك لـە ئارادایـە ئـەو مەسـەلەیەش ئەوەیـە کـە لـە میانـەی بـەکارهێنانی نیشـانە زمانەوانیـەکاندا لـە ژێـر کاریگـەری ئایدۆلۆژییـە کۆمەڵایەتیـەکاندا هـەندێ مانا بـۆ پلەو پایەیـەکی شـیاو بـەرز ئەبنـەوە، یـاخود ئـەبن بـە چـەقێك و ماناکانی تر بە ناچاری بە دەوریاندا ئەخولێنەوە، هـەر بـۆ نمونـە بـیر لـەو شـتانە بکـەرەوە کـە لـە کۆمەڵگاکەماندا بوونیان هەیە: ئازادی.. خێزان.. دیموکراسـی.. سـەربەخۆیی.. دەسـەڵات.. یاسا..هتد.

هـەندێ جار ئـەم مانایانـە ئەبنـە سـەرچاوەیەك بـۆ سـەرهەڵدانی ژمارەیـەکی زۆر لـە مانـای دیکـە، بـەڵام لـە بیرکردنـەوەدا ئـەم دیدگایـە شـێوەیەکی سەیرو سەمەرەی هەیە، چونکە بۆ دروستبوونی ئـەم مانایانـە ئـەبێ لـە پێشـدا نیشـانەی دیکـە هـەبێت. سـەختە بەبێ ئەوەی ئامادەیمان هـەبێت تەماشای پێش خۆمان بکەین، بیر لـە سـەرچاوە بکەینـەوە. هـەندێ کـات ئەڕوانرێتـە ئـەم جـۆرە مانایانـە نـەك وەك بناغـە و بنەچـە، بـەڵکو وەك ئامانجـێ هـەمو شـتەکان بـەرەو پیریـەوە بچـن،

یاخود ئەو مانایە جێگیرەو هەموو ماناکانی تر بەرەو پێری ئەڕۆن (مەبەستناسی *Teleology*). واتە بیرکردنەوە لە ژیان، زمان، مێژوو، بە پێی چوون بەرەو مەبەستێك، یاخود ئامانجێك، شێوەیەکە لە ڕێکخستن و ڕێك‌وپێککردنی ماناکان لە زنجیرەی پلەکاندا. هەروەها دانانیان بە گوێرەی گرنگیان‌و لەبەر ڕۆشنایی مەبەستێکی کۆتایی، بەڵام هەر تیئۆرێکی لەم جۆرە لە مێژو و زماندا، وەك گەشەکردنێکی ئاسۆیی سادەیە، کە هەندێ ئاڵۆزیی نیشانەیی تێدایەو سیفەتەکان هەمویان لە تۆڕێك و لە بزوتنەوەیەکی زمانەوانی پێشکەوتو و دواکەوتو، ئامادەو نائامادە، لابەلایی و پێشەوایی ئەچن، تا لە کارە حەقیقیەکانی. لە ڕاستیدا ئەم ئاڵۆسکاویانە، لە تۆڕێك ئەچن کە بزوتنەوەی پاش بونیادگەری پێی ئەڵێ: "دەق *Text*".

جاك دریدای فەیلەسوفی فەرەنسی کە چەند لاپەڕەیەکی پێشوم بۆ تەرخان کرد، بۆ ڕونکردنەوەی دیدگاکانی. هەر سیستەمێکی فیکری ئەڵێ؛ میتافیزیقی پابەندە لەسەر بونیادی ئەو شتەی کە ناکرێ هێرش بەریتە سەری،

پرنسیپێکی سەرەتاییەو گومانی لێ ناکرێ، یان ئەتوانین هەمو سیستەمەکانی زنجیرەمانا هەرەمییەکانی لەسەر بونیاد بنێین، ئەو پرنسیپەش پێی ئەوترێ "میتافیزیک". ئەڵبەتە دریدا ڕای وایە ئێمە ناتوانین ڕزگار بین لە دەست هێنانە کایەوەی ئەم جۆرە پرنسیبە سەرەتاییانە، چونکە ئەم پاڵپێوەنەرانە لە مێژوماندا ڕەگی داکوتاوەو هیچ نەبێ لەم کاتەدا ناتوانرێ چاوی لێ بپۆشرێ، یا ڕیشەکێش بکرێ. بە ناچاری دریداش بە هۆی ئەم بیرکردنەوە میتافیزیقیانەوە، کارەکانی بە ئالودەیی ئەبینێ...، هەرچەندە هەوڵ ئەدات لێی دوربکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر لە نزیکەوە ئەم یەکەم سەرەتایە لێك بدەیتەوە، ئەوا بۆت دەرئەکەوێ ئێمە هەردەم ئەتوانین ئەو شتانە پارچەپارچە بکەین. ئەتوانین بە شێوەیەك تەماشای بکەین کە ئەوانە دەرئەنجامی سیستەمێکی تایبەت بە ماناکانن، تا هۆکاری دەرەکی پرنسیپە سەرەتایەکانی ئەم جۆرە، لەگەڵ ئەوانەی لێی دائەبڕێ پێناسە ئەکرێن.

ئەمەش بەشێکە لەو بەراوردکاریی دوانەیەی لە لای بونیادگەرەکان خۆشەویستە، بەمجۆرە لە کۆمەڵگای باوکسالاریدا، پیاو بناغەی پێکهێنانە، "ژن"یش دژەکەیەتی، هەتا ئەم بەراوردکارییە دوانەیە بەردەوام بێت، ئەوا ئەم سیستەمە چالاکانە کار ئەکا.

"بونیادشکاندن "[5] ناونیشانێکە بۆ چالاکی رەخنەیی کە لە رێی ئەم ناونیشانەوە ئەتوانین ئەم بەراوردکاریە دوانەیە تاك بە تاك، شی بکەینەوە. یاخود بە هۆیەوە لە کاری مانا دەقیەکاندا ئەتوانن یەکتری شی بکەنەوە، ئافرەت خاڵێکی بەرامبەر یاخود خاڵێکی *{تری}* پیاوە، ژن *{پیاو نیە **non-man**}* یاخود بە بەراوردکاری بە یەکەمین سەرەتای نێر، پیاوێکی ناتەواوە، لە چاو نێرینەدا بەهایەکی سلبی بۆ دانراوە، بەمجۆرە پیاویش، تەنیا لە گوزەری دورخستنەوەی ئەم (ئەوی تر – الاخر)دا پیاوە، ئەمەش هاوبەرامبەرە لەگەڵ ئەم خاڵەی کە خۆی لە بەرامبەری ئەودا پێناسە ئەکات، لە ئەنجامدا ئەم جوڵەیە بۆ سەلماندنی بوونی تاك ئامادەی خودی خۆیەتی، کە شوناسنامەی تایبەتی خۆی ئەخاتە

بەردەست و لەهەمانکاتدا ئەم شوناسنامەیە ئەخاتە مەترسییەوە.

ژن "تەنیا ئەوی دی"یەک نییە، یاخود شتێک نییە لە پشتەوەی بیرکردنەوەی پیاودا بێ، بەڵکو دیکەیەکی وێنەئاسایە، واتە سیمای ڕاستەقینەیەو پەیوەندیەکی نزیکی بەوەوە هەیە، لەو زەرورەتانەیە، ئاگاداری ئەکاتەوە لەو شتەی کە هەیە، بەڵام چەندێ پیاو ڕقی لەو دیکەیە بێتەوە، هەر پێویستی پێیەتی و ناتوانێ دەستبەرداری بێت. کاتێک کە بە هیچی دائەنێ ئەوکاتە شوناسنامەیەکی پێ ئەبەخشێ.

پیاو وەک بوونێکی مشەخۆرانە پشت بە ئافرەت نابەستێ، کە تەنیا بۆ ئەوەی بیچەوسێنێتەوەو دایپڵۆسێ، بەڵکو یەکێک لە مەرجەکانی پێویستی ئەم مەحرومییە، ئەوەیە لە شیکردنەوەی کۆتاییدا ئافرەت ناتوانێ وەکو {ئەوی دی} بمێنێتەوە.

ڕەنگە ژن وێنەی سومبلێک بێت لە خودی پیاودا، کە پیاو ئەیەوێ بیچەپێنێ و یاخود لە کیانی خۆی بیکاتە دەرەوە بۆ جێگایەکی دورەدەست و ئاسایش.. ڕەنگە شتە دەرەکیەکان

هەر خۆیان شتە ناوەکیەکان بن، ڕەنگە شتە نامۆو دەرەکیەکان لە یەکتری نزیك ببنەوەو ببنە بەشێك لە شتی دەرونیو خودی، بۆیە ئەرکی پیاو ئەوەیە بە تەواوی ئاگاداری سنوری نێوان ئەم دوانەیە {واتە ئەم دوو ڕێڕەوە} بێت. چونکە نەك تەنیا پێشتر ئەم دوانە بەیەکدا چوون، بەڵکو هەمیشە ترسی ئەوە هەیە بەیەکدا بچنەوە، بۆیە کەمتر لەوەی چاوەڕوان ئەکرێ جێگیرن.

ئەتوانین بڵێین "بونیادشکاندن" ئەم خاڵەی بۆ ڕون بۆتەوە کە بەراوردە دوولایەنەکان سەرچاوەی بونیادگەری کلاسیك پێك ئەهێنن و نیشاندەری جۆرێك لە لێکۆڵینەوەی نمونەی ئایدۆلۆژیاین.. ئایدیولۆژیستەکان حەز ئەکەن سنورێکی تەلبەندکراو بکێشن لە نێوان شتە قبوڵکراو و قبوڵنەکراوەکاندا، لە نێوان خودو ناخوددا، ڕاستیو ناڕاستی، مەفهوم و نامەفهوم، ئەقڵانیو نائەقڵانی، مەرکەزیەت و خوارەوە، سەرو ناخ...هتد.

هەروەك ئاماژەم بۆ کرد، بە ئاسانی ناکرێ ئەندێشە میتافیزیقیەکان وەلاوە بنرێ، ناشتوانین

ئەم خووە دوو لایەنیە لە بیرکردنەوەدا لە خودی خۆمانی ببەینە دەرەوەی بواری میتافیزیقیەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی بە کارکردن لەگەڵ ڕووی دەقەکاندا جا چ دەقی "ئەدەبی" بێت یا دەقی "فەلسەفی"، ئەتوانین کەمێ چارەسەری ئەم دوو لایەنە دژ بە یەکە بکەین، ئەتوانین ئەوەش بسەلمێنین کە چۆن زاراوەیەکی دژ ئەکرێ پێویست بێ بۆ زاراوەیەکی تر. یاخود لە خودی ئەوی تردا ئامادەیی هەیە.

ئەگەر بونیادگەری لە پرۆسەی لەقاڵبدانی ئەم بەراوردکارییە دوو لایەنییەدا سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە، "سەرەوە/خوارەوە، ڕووناکی/تاریکی، سروشت/ڕۆشنبیری... هتد"و مەنطقی ئەم کارەی بخستایەتە ڕوو، ئەوا بە گشتی بە کاری خۆی رازی ئەبوو. بونیادشکێنی مەبەستێتی ئەوە نیشان بدات کە چۆن ئەم جۆرە بەراوردکاریە دوو لایەنیە جارناجارێ بۆ پاراستنی مەنزڵگەی خۆیان ناچار ئەبن خۆیان هەڵگێڕنەوە، یاخود ناچار ئەبێ پەراوێز بۆ دەقەکان دابنێ. بە جۆرێك ئەو پەراوێزانە هەندێ وردەکاری بێ ئەرزشی دیاریکراوی تێدا بێت،

ڕەنگە ئەو وردەکاریانە ببن بە بەڵایەك بە سەریەوە.

ڕەوشتی کاری دریدا لە خوێندنەوەی دەقدا بریتییە لە وەرگرتنی دەقێکی مامناوەندی لە کارێکی ئەدەبی و پەراوێزی کتێبێ یاخود زاراوەیەکی مامناوەندی دوبارەکراوە، یاخود وێنەیەك یان کینایەیەك/ لە پڕ بە پەرۆشەوە ئەکەوێتە ویزەی تا ڕادەیەك ئەو بەراوردکارییە دوو لایەنانەی ئەخستە بەر مەترسی بونیادشکێنییەوە کە دەسەڵاتیان بەسەر دەقەکەدا هەبوو.

ئەتوانرێ بوترێ تاکتیکی دەقی بونیادشکێنی ئەوەیە کە دەقەکان چۆن ئەتوانێ یاسا مەنتقیەکانی ناخی خۆی ڕەت بکاتەوە. بونیادشکاندن بە جدی و بە پشتبەستن بە خاڵە دیار و دژ بەیەکەکان یاخود بە بنبەستە ماددیەکان، ئەم کارە ئەنجام ئەدات. هەروەها لەو جێگایانەدا ئەنجامی ئەدات کە دەقەکان بەر زەحمەت ئەکەون، بەرگری خۆیان لە دەست ئەدەن، خۆشیان ئەخەنە ناکۆکیەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی خستمانە ڕوو دیاردەیەکی ئەزمونی نییە

دەربارەی شێوەی تایبەت لە نووسیندا بەڵکو خستنەڕووی مەسەلەیەکی گەردونییە دەربارەی چییەتی نوسین.

ئەگەر ئەو تیئۆرەی دەربارەی دەلالەتە، وەك لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسم کرد لە جێگای خۆیدا بێت، لە خودی نوسیندا شتێك هەیە کە لە کۆتایدا بەسەر گشت سیستەم و مەنتقەکاندا باز ئەدات. پرۆسەی کارێکی بەردەوام هەیە بۆ لەراندنەوەی مانا وروژاندنو رۆشنکردنەوە، جاك دریدا ئەم کارەی ناوە /بڵاوبونەوە dissemination" کە ناکرێ بە ئاسانی لە میانەی چەمکەکانی بونیادی دەق یان لە نێو رەخنە باوەکاندا باس بکرێن یان جێگایان بکرێتەوە..

نوسین وەك پرۆسەیەکی زمانەوانی تر لەسەر جیاوازییەکان بەندە، خودی جیاوازی خۆی چەمکێك نییە، یاخود شتێك نیە بیری لێ بکەیتەوە. رەنگە دەق شتێکمان لە چییەتی ماناو دەلالەت نیشان بدات، کە نەتوانین وەك مەسەلەیەك دایبرێژینەوە.. هەر زمانێك لای دریدا ئەم زیادەیەی سەر مانای راستەقینە ئەخاتە روو،

هەمیشە هەڕەشەی ئەوە ئەکات کە پێشتر ئەو مانایەی ئەیەوێ لە خۆیدا جێی بکاتەوە ئەیخاتە پێشەوە یاخود لە خۆی دور ئەخاتەوە.

ئەم مەسەلەیە لە وتاری ئەدەبیدا بە جوانترین شێوە ئەبینرێ، هەروەها لە بارەی گشت شێوە نوسینەکانی تریش ڕێی تێ ئەچێ. بەرامبەری چوونیەك لە نێوان ئەدەب و نا ئەدەبدا، بە شێوەی جیاوازییەکی ڕەها لە خانەی نەهجی بونیادشکێنیدا جێی نابێتەوە.

سەرهەڵدانی چەمکی نوسین خۆی لە خۆیدا ڕوبەڕوبونەوەیەکە دژی بونیادگەری، بونیادگەری هەمیشە داوای بوونی چەقێك و پرنسیپێکی جێگیرو زنجیرەیەکی سێ قوچکەیی‌و بناغەیی پتەو ئەکات.

ئەم چەمکانە، نوسینە جۆربەجۆرەکان ڕوبەڕوی پرسیار ئەکەنەوە، بە شێوازێکی تر لە مەیدانی بونیادگەرییەوە گواستمانەوە بۆ دەوروبەری پاش بونیادگەری، پاش بونیادگەریش شێوازی بیرکردنەوەی کارە بونیادشکێنییەکانی جاك دریدا و کارەکانی مێژونوسی فەرەنسی میشیل فۆکۆو نوسینەکانی

جاك لاكـان لـه بـارەی شـیكردنەوەی دەرونـیو هـەروەها كارەكـانی فەیلەسـوف و ڕەخنـەگرو هـەڵگری بیرو بـاوەڕی یەكسـانی ئـافرەت جۆلیـا كریستیفا ئەگرێته خۆی.

تـا ئێسـتا ڕاسـتەوخۆ لـەم كتێبـەدا تـاوتوێی كارەكـانی (میشـیل فۆكـۆ)م نـەكردوە، بـەڵام لەبەرئـەوەی فۆكـۆ لـەم بـوارەدا كاریگەرییـەكی فراوانی هەیە، بۆیه بـەبێ لێكۆڵینـەوه دەربـارەی كارەكانی ناگەینه ئەنجام.

یـەكێك لـه ڕێگـا نەخشەكێشـراوەكانی ئـەم گۆڕانكارییـە ئەوەیـە چـاوێك بـە كارەكـانی ڕەخنەگری فەرەنسی "ڕۆڵان بارت"دا بگێڕین، ئەم زاته لـه بەرهەمه ڕەخنەییەكانی سـەرەتای كـاری ڕەخنـەیی وەك: "ئەفسـانەكان *Mythologies* – *1957*"، "دەربارەی راسین – *1963*"، "ڕەگەزەكانی سـیمیۆلۆژیا – *1964*" "سیسـتەمی مـودە – *systeme dela mode*" بـه تـەواوی لـه بـواری شیكردنەوەی بونیادگەریدا لـه پلەی یەكەمدایـە، زۆر چوسـتو چالاكانـەو بـێ وەسـتان سیستەمەكانی دەلالەتی مۆدەو تێزی ئەستریبیو

تراژیدیـای راسـین و پلەگۆشـت و پارچەپەتاتــە ئەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە.

بارت لە وتارێکی بەناوبانگدا بـە ناونیشـانی (پێشـەکیەك دەربارەی بونیادی چیرۆك لـە سـاڵی *1966*دا نوسیویەتی بە پێـی ڕێبـازی یاکۆبسـن و شـتراوس بونیـادی چـیرۆك بەسـەر سـێ بەشـدا دابەش ئەبێت کە بریتین لە: یەکەکان، ئەرکەکان، پەراوێزەکان (دیاردەکانی سایکۆلۆژی کەسـەکان و دەوروبەر.. هتد) هەرچەندە لە خودی چیرۆکدا ئـەم یەکانـە بـە دووی یـــەکتریدا دێــن، ئـەرکی رەخنـەگر دانـانی ئـەو یەکانەیــە لـە جۆرێـك لـە چوارچێــوەی نازەمـــەنی راڤــەکردندا. بــە هـــەر ڕادەیەك بونیادگەری بارت لەم خاڵە سەرەتاییەدا تـا ڕادەیـەك لەگـەڵ تیئۆرەکـانی دیکـەدا تێکـەڵی هەیـــــە: وەك تیئۆرەکـــــانی: فینومینۆلۆجیــــا (دیاردەناسی)، لە کتێبی (میشیل دەربارەی خۆی ئـــەدوێ – *1954*)، شـــیکردنەوەی دەروونـــی لـــە کتێبی (دەربارەی راسین).

لە سەروی ئەمانەشەوە شێوازی ئەدەبی دێتە پێش، کە شێوازی نایابی بارت لە داڕشتندا پڕە لە نوێگەری و تیشك، کە ڕاڤە لە نوێگـەری نوسین

ئەكات لە بەرامبەر پتەوی بونیاددا.. نوسین بوارێكی ئازادە، ئەتوانێ لەو بوارەدا ئازادانە بجولێتەوەو، خۆی لە كۆتی ماناكان بپسێنێو گەمەیەكی سەرفراز بكات..

بەرهەمی بارت لە ژێر ناونیشانی "ساد ، فوریە، لویلا -1971- *sade, fourer, loyola*". شێوەیەكە لە پێكەوە نوساندنی بونیادگەری پێشو لەگەڵ شانۆگەری سێكسی، لە كتێبی "ساد" تێبینی لادان لە یاساو ڕانەوەستانی بابەتە عیشقئامێزەكان ئەكات.

زمان بابەتی "بارت"ە لە سەرەتاوە تا كۆتایی بە تایبەت ڕوانینە سۆسیۆریەكان كە نیشانە هەردەم بەوە پێناسە ئەكات كە چەمكێكی مێژویی و ڕۆشنبیرییە..

بە بڕوای بارت نیشانەی قەڵبەندیو ئەو نیشانەیەیە كە سەرنجی دەوروبەر بۆ لای خۆی ڕائەكێشی.. بە درۆ، خۆی بە (سروشتی)یانە دەربخات، ئەو كاتەی مانایەك ئەگوێزێتەوە ئەبێ جۆرێك لە راستی دەستكردو ڕێژەیی خۆشی بگوێزێتەوە، لەهەمانكاتدا كە مانایەك ئەبەخشێ،

تا ڕادەیەك تەعبیر لە ڕاستی دەستکرد و ڕێژەیی خۆی ئەکات.

لە کارە سەرەتاییەکانی ئەودا ئەنگیزەیەکی ڕامیاری لە پشت باوەڕی ئەودا خۆی حەشارداوە؛ ئەو نیشانانەی خۆیان بە سروشتی دائەنێن، وا خۆی ئەنوێنێ کە ئەو تاکە ڕێگایەکە کە ئەکرێ بیکەین بە پاڵپشت لە جیهاندا، هەر لەم بۆچوونەوە خاوەن دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیایە..

یەکێك لە نەخشەکانی ئایدیۆلۆژیا، (بە هەڵەو سروشتیکردنی) ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییە، گۆڕینی بە چەمکێکی بێ غەل‌وغەش و نەگۆڕ بە ئەندازەی خودی سروشت. ئایدیۆلۆژیا هەوڵ ئەدات ڕۆشنبیری بە سروشت بگۆڕێتەوە. نیشانە سروشتییەکانیش یەکێکە لە چەکەکانی..

سڵاوکردن لە ئاڵا، یان قبوڵکردنی ئەو بۆچوونە دیموکراسییەی ڕۆژئاوا کە نوێنەری ڕاستەقینەی مانای زاراوەی (ئازادی)یە ئەمەش ئەگۆڕێ بۆ وەڵامدانەوەیەکی گەلێ ئاشکراو خۆبەخۆیی لە جیهاندا، لەم بۆچوونەوە ئایدۆلوژیا جۆرێکە لە ئەفسانەی هاوچەرخ و

بوارێك دروست ئەكات بۆ پاككردنـەوەی خـودی خۆی لە تەم‌ومژو ئەگەرە بگۆڕەكان.

لە دیدی "بارت"ەوە جۆرێك لـە ئایدیولۆژیای ئــەدەبی هەیــە كــە هاوجوتــە لەگــەڵ "بــیری سروشتی"، ئەو ئایدیولوژیایـەش پێـی ئـەوترێ: "ریالیزمی" ئەدەبی، ڕیالیزم هـەوڵی شاردنەوەی پەیوەستی كۆمەڵایەتی‌و سروشتی بونیادی زمان ئـەدات، ئەمـەش ئـەو راسـتییە لایـەندارە دوپـات ئەكاتـەوە بـەوەی كـە جۆرێـك لـە زمـانی ئاسـایی هەیە تا ڕادەیەك بە سروشتی خۆی ئەنوێنێ. ئـەم زمانە سروشتییەش بەبێ شێواندن ڕاستیمان پێ ئەڵێ وەك ئەوەی كە هەیە – وەك كاری ڕیالیزم بـە پێچەوانـەی ڕۆمانسـیزم و سمبۆلـیزم، وێنـە بـۆ وێنــە خودیــەكان ناگەڕێنێتــەوە، بــەو جــۆرە جیهانمان نیشـان ئـەدات كـە خـوا ئـەیزانێ. وەك قەوارەیـەكی گۆڕاو و پابەند بـە یاسـای تایبـەتی سیستەمی نیشانەكان ناڕوانرێتـە نیشانەكان، كـە ئەمــەش خــۆی توانــای گۆڕانــی هەیــەو بــەڵكو بریتییـە لـە پەنجەرەیـەكی تـەنك بـە ڕوی ڕوانـین و ئەقڵماندا كراوەتەوە..

لەهەمانکاتدا ڕیالیزم بێلایەن و بێڕەنگە: تەنیا ئەرکێك لەسەر شانێتی کە بریتییە لە نواندنی شتێکی تر.. هەڵگری مانایەکە بە تەواوی لە دەرەوەی خودی ئەودا زانراوە، هەروەها بە کەمترین شێوە بەشداری لەو شتەدا ئەکات کە ئەیگوێزێتەوە.. لە ئایدیولۆژیای ریالیزمدا یا نیشانەیی بۆچوون هەیە کە پەیوەندی واژەکان بە ئەندێشەو ئەو شتانەشی کە پەیوەستن بەوەوە بەتەواوی بە شێوەیەکی بێ پێچ وپەنا دێتە دی: واژەش ئەبێ بە تەنیا شێوەیەکی گونجاو بۆ ڕوانین یاخود بۆ بەیانکردنی ئەم ئەندێشەیە.

لە دیدی "بارت"ەوە نیشانەی واقعی یاخود "نواندنکاری" لە بناغەوە نیشانەیەکی قەڵبەدیوە.. ئەم نیشانەیە وەك نیشانەیەك جێگای خۆی ئەگۆڕێ بە مەبەستی پتەوکردنی ئەو ئەندێشەیەی ڕای وایە ئێمە درك بەم واقیعە ئەکەین بە بێ دەست تێوەردانی هیچ شتێك. نیشانەی وەك "ڕەنگدانەوە، بەیان کردن، نواندن"، سیفەتی زایندەی زمان ڕەت ئەکاتەوە.. ئەو ڕاستیەش پشتگوێ ئەخات، کە ئێمە خاوەنی

جیهانێکین، چونکە خاوەنی زمانێکین گوزارش لەو جیهانە ئەکات، ئەوەی بە ڕاستی ئەیبینین لەنێو بونیادی گۆڕاوی دەلالەتەکاندایە کە تێیدا ئەژین، (ئاماژەی دوولایەنی لای بارت، کە لە لایەك ئاماژە بۆ نمونە مادديەکەی ئەکات لە لایەکی ترەوە ماناکان تیایدا ئەگوێزرێنەوە)، کوڕەزای زمانی ڕۆژئاوایی فۆرمالیستەکانن و بونیادگەرە چیکیەکان و زمانی شاعیری یاکوبسنە، کە بوونی زمانی مەلموسی خۆی ئەخاتە پێش چاو. باس لە (کوڕەزا) ئەکەم نەك (کوڕ) چونکە نەوەی راستەوخۆتری فۆرمالیستەکان بریتییە لە هونەرمەندە سۆسیالیستەکانی کۆماری ڤایماری ئەڵمانی وەك برتۆلد بریشت کە کاریگەرییەکانی ڕۆژئاوایان بۆ مەبەستە سیاسیەکانیان بەکارهێنا. زیاتر لە ئەرکە زمانەوانییەکانیان، شێوازەکانی نامۆکردن لای سلۆفسکی و یاکۆبسنیان لە بەردەستدا بوو. ئەوان بە شێوازی شاعیرانەو بە کاری سینەماو شانۆگەری، بوونە خزمەتکاری "ئاشنایەتی" و "سروشتێتی" کۆمەڵگای سیاسیو دور خستنەوەیان لە نامۆ بوون و تێنەگەیشتن.

ئەوەشیان نیشان دا کە ئەو شتەی هەموان لە میانەی کاردا بە ئاسایی دایئەنێن تا چ ڕادەیەك جێگای دوودڵییە. ئەم هونەرمەندانەش بوون بە میراتگری فۆتۆریستەکانی بەلشەفیك و گشت پێشەنگەکانی روس، مایاکوفسکیو"بەرەی چەپ لە هونەر"داو لایەنگرانی شۆڕشی ڕۆشنبیری لە روسیا ساڵی *1920*.

بارت لە کتێبی وتارە رەخنەییەکان *Critical Essays – 1964*دا وتارێکی شۆرئەنگیزی (حەماسی) نوسیوە دەربارەی شانۆی بریشت، هەروەها بارت یەکێك بووە لە پشتیوانانی شانۆی بریشتی لە فەرنسا.. بارت وەك پێشەنگێکی بونیادگەری دی بڕوای بە جۆرێك "زانستی ئەدەبی" هەیە، هەرچەند ئەم جۆرە زانستە بە پێی ڕاگەیاندنی ئەو ڕەنگە زانستی شێوەکان بێت، نەك زانستی ناوەڕۆك، ئەم جۆرە رەخنە زانستییە، ئەبێ ئەو بابەتەی کە لێی ئەکۆڵێتەوە (بەو شێوەیەی کە هەبووە) بخاتە بەرچاو، بەڵام ئەم کارە پێچەوانەیە لەگەڵ بەراوردکردنی دوژمنایەتی بارت بەرامبەر بە نیشانەی بێ لایەن بۆیە رەخنەگر بە مەبەستی شیکردنەوەی دەقی

ئـەدەبی، پێویسـتە سـود لـە زمـانیش وەربگـریَ، بۆیە هیچ هۆیەك نییە بڕوامان پێ بێنیَ کە زمان دور ئەکەوێتــەوە لــەو قەیرانــەی کــە بــارت بــە شــێوەیەکی گشــتی لــە بــارەی وتووێــژی نوێخوازییەوە دایناوە.

ئـەو پەیوەندییـەی لـە نێـوان وتووێـژی رەخنـەیی و وتووێـژی دەقـی ئـەدەبیدا هەیـە چۆنـە؟ لـە دیـد و بۆچوونـی بونادگەرەکانـەوە، ڕەخنە شێوەیەکە لە پاش زمانەوانی.. ئەم جۆرە زمانەش زمانێکە لە بارەی زمانێکی دیکەوە – کە لە سەروی بابەتەکەوە بۆ مەودایەك ئەڕوانیَ تا لەم مەودایەوە بە پاکیو چاکی بڕوانێتە خـوارەوەی خۆیو بیخاتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بەڵام هەر بارت لە کتێبی (سیستەمی مۆدە)دا ئاماژە بۆ ئەم شتە ئەکات و لـە ئـەنجامدا هیـچ جـۆرە پـاش زمانـیَ ناتوانیَ بوونی هەبیَ..

ئەم کارە بیَ کۆتاییو هەتاهەتاییە بـەردەوام ئـەبێت هەمیشـە رەخنـەگرێکی دیکـە ئـەتوانیَ رەخنەکەی ئێوە دوبارە لێی بکۆڵێتـەوەو بیکاتـە ئامانجێك بۆ کارەکانی. بـارت لـە کتێبـی (وتـارە رەخنەییەکان)دا وای بۆ دەچێت لە رەخنـەدا دەق

بە یارمەتی زمانەکەی، بە پەرۆشەوە خۆی دائەپۆشێ. لە کتێبی (ڕەخنەو راستی – *1966*) زمانی ڕەخنەیی بریتییە لە زمانی دووەم کە لە سەروی زمانی یەکەمی دەقەکەدا مەلە ئەکات. ئەم وتارە بە دیاریکردنی زمانی ئەدەبی، بە شێوازێکی دیکە دەست پێئەکات کە ئەمڕۆ پێی ئەوترێ پاش بونیادگەری..

لە لای ئەم شێوازەدا، زمان، زمانێکی بێ بناغەیە، شتێکە تەواو شاراوایە.. کە مانای بەتاڵ بە دوی خۆیدا ڕائەکێشێ.. ئەگەر کارەکە وابێ ئەوا شێوازە بونیادگەرە کلاسیکییەکان زۆر گرانە بتوانن بیبڕن.

لێکۆڵینەوەی بارت لە بارەی چیرۆکی بلزاك سارازین *Sarrasine – 1970* بە ناونیشانی کرداری بڕێك کردن *The work of the break – 1970*، کە لێکۆڵینەوەیەکی سەرسوڕهێنەرەو چیتر بەرهەمی ئەدەبی شتیکی جێگیر و بونیادێکی نادیار نییە، زمانی رەخنەگر هەموو جوانکارییە مەوزوعییە زانستیەکانی خستۆتە لاوە، هەڵخەڵەتێنترین دەقەکان بۆ ڕەخنەگر ئەو دەقانە نین کە قابیلی خوێندنەوەن، بەڵکو ئەو دەقانەن

کە ئەنوسـرێنەوە ئـەو دەقانـەی رەخنـەگر هـان ئەدەن دەقەکە هـەڵکۆڵیَو بیگـۆڕیَ بـۆ جۆرێـك لـە جۆرەکـانی زمانـەوانی جۆراوجـۆر کـە نیمچـە نابەدڵییـەکان، بـە ماناکـان، لـە ڕێگـای خـودی کارەکەوە پێشکەش بکات.

خوێنـەر یـاخود ڕەخنـەگر لـە کەسـێکی مشـەخۆرەوە ئـەبێت بـە کەسـێکی بەرهـەم هێـن، بەڵام هەرگیز بەو شێوەیە نییە کە لە گێڕانەوەی ڕوداوێکـدا ڕوئـەدات لەبەرئـەوەی بـارت رونـی ئەکاتەوە کە بەرهەم بە هیچ جۆریَ ناتوانیَ ببیَ بە شتێکی مانادار، ئەدەب ئێستا بوارێکە ڕەخنەگر ئـەتوانیَ زیـاتر لـەوەی بکەوێتـە ژێـر ڕکێفیـەوە، گەمەی تیادا بکات. چونکە فەزای دەق فەزایەکی ئازادە، دەقی "نوسراو" یا دەقێکی هاوچەرخ نە خـاوەنی مانایـەکی دیـاریکراوە نـە مـەدلولێکی جێگـیرە، بـەڵکو ئـەم جـۆرە دەقانـە فـرە لایـەن و بـەربڵاون، بریتـین لـە ڕسـتێك یـان ڕێسـمانێك مەدلول. ڕستێك جفرە و چەند بەشـێك لـە یاسـا پێك ئەهێنن کە رەخنەگر ئەتوانیَ بـە نێوانیـاندا ڕێگای خۆی ببڕی.

ئەمانە نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی نە بە دواهاتنێکی نەگۆڕە، نە زنجیرە هەرەمێکی سەر ئاستی دەقن بۆئەوەی ئەوەمان بۆ بخاتە ڕو کە کامە شت زۆر گرنگەو کامە شتیش زۆر گرنگ نییە، هەموو دەقە ئەدەبییەکان بەرهەمهاتوی دەقەکانی ترن، نەك وەکو لایەنی شوێنەواری کاریگەری ئەو دەقە بەسەر دەقەکەی ترەوە، بەڵکو بە مانایەکی توندڕەو، هەر وشەیەك یا دەستەواژەیەك یان پەرەگرافێك دوبارە بەکارهێنانەوەی نوسینەکانی دیکەیە. کە هەردوکیان لەیەك کاتدا سەرچاوەی یەك کارن.

ئەساڵەتی ئەدەبی بوونی نییە، شتێك نییە ناوی یەکەمین کاری ئەدەبی بێت، هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکان بریتین لە دەق ئامێزان بوون (التناص *Interextual*)ی بەرهەمێکی ئەدەبی دیاریکراو و سنورێکی دیاریکراوی نییە، هەمیشە لەو بەرهەمانە بڵاو ئەبێتەوە کە لە دەوروبەریدا کۆئەبنەوە کە دەیان دیاردەی جۆراوجۆر ئەخوڵقێنن کە ئەوەندە بچوك ئەبنەوە تا بە تەواوی ون ئەبن.

ئەگەر بۆ لای دانەر (یان نوسەر – وەرگێڕ) بگەڕێینەوە، ئەوا ناتوانرێ ئەو بەرهەمە لە چالاکیو جموجۆڵ بخرێ و بدرێتە دەست دەسەڵاتەوە. چونکە "مەرگی دانەر" دروشمێکە ڕەخنەی هاوچەرخ بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەتوانێ بەرزی بکاتەوە[1].

بەسەرهاتی دانەریش تەواو دەقێکی دیکەیە کە پێویست ناکات گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێت، ئەکرێ ئەم دەقەش بونیادشکێنی بکرێ، ئەوەی لە ئەدەبدا بە هەموو زۆرایەتی (چەند مانایی) و هێرشبەری قسان ئەکات دانەر نییە، بەڵکو زمان ئەم کارە ئەنجام ئەدات. ئەگەر شوێنێك هەبێت ئەم زۆرایەتییە فرەلایەنەی دەقی تیا کۆبێتەوە لە گشت ساتەکاندا، ئەوە دانەر نییە، بەڵکو خوێنەرە.

ئەڵبەتە لایەنگرانی پاش بونیادگەری کە دێنە سەر باسی نوسین یاخود باس لە (دەقێتی *textuality* ئەکەن و لە بارەی نوسین و دەقەوە ئەم تێگەیشتنە تایبەتیەیان لەیادە بە پێی بۆچونی بارت بزوتن لە نەهجی بونیادگەرییەوە بۆ نەهجی پاش بونیادگەری[2]، ئەوە وەك ئەوە وایە لە

(بەرهەم)ەوە بۆ دەق ببزوێی، یاخود گۆڕانێکە لە ڕوانین بۆ شیعر و ڕۆمان وەك کیانێکی داخراو، چەکدار بە مانای دیاریکراو، کە ئەرکی ڕەخنەگر بریتییە لە دۆزینەوەی هێمای ئەو ئالۆزییە پێویستەوا وەربگیری کە کۆمەڵێکە کەمکردنەوەی ستەمەو گەمەیەکی بێ کۆتایی مەدلولەکانە، کە ناتوانرێ‌و زۆر گرانە لە کۆتاییدا بیگەڕێنینەوە بۆ یەك چەق یاخود بۆ ماناکەی یان ناوەڕۆکەکەی.

ئەم کارەش بە ئاشکرا بەرەو جیاوازییەکی توندمان ئەبات لە مومارەسەی خودی ڕەخنەییدا. وەك بە ئاشکرا لە پرۆسەی کاری ڕەخنەیی سارازیندا ئەبینرێ.. شێوازی بارت لە لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئەم چیرۆکە (واتە سارازین) بریتییە لە دابەشکردنی چیرۆکەکەی بلزاك بۆ چەند یەکەیەکی بچوك یاخود بۆ *lexies*. هەروەها جێبەجێکردنی ئەم پێنج یاسایە بەسەریدا، ئەو یاسایانەش بریتین لە یاسای: پرویارتیك *proiaretic* ، یاسای ڕاڤەیی کە ئەمەش گرنگی ئەدا بە چارەسەرکردنی گرێی چیرۆکەکە، هەروەها یاسای ڕۆشنبیری کە گرنگی ئەدا بە

کۆمەڵە زانستێکی کۆمەڵایەتی کە کارەکە لەگەڵیدا گوزەر ئەکات، یاسای سیمیك *semic* کە دەلالەتە ناوکۆیی کەسەکان و شوێن و شتەکان ئەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە، یاسای سیمبۆلیزم کە پەیوەندی سێکسیو دەروونناسی بوونەوەرانی نێو دەقەکە دیاری ئەکات.

تا ئێرە ڕەنگە هەموو ئەو شتانەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو لادانێك بێت لە یاسای بونیادگەری بەڵام دابەشکردنی دەق بەسەر یەکەکاندا کەم تا زۆر کاری خود بە خودی تێدایە. ئەم پێنج یاسایە لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە یاسای دیارینەکراو هەڵبژێرراون، هەروەها لە نێو هیچ جۆرە زنجیرە پلەیەکدا ریز نەکراون، هەندێجار لە شێوەی زیادبووندا، هەرسێکیان بەسەر هەمان یەکەدا جێبەجێ ئەبن، بە شێوەیەك ئەگەر بەرەو کۆتایی بڕوات چاوپۆشی ئەکات لە کۆکردنەوەی کارەکان لە ژێر چاوەدێریەکی توندو تۆڵدا.

ئەوان زیاتر پەراگەندەیی و دابەشبوونی دەق نیشان ئەدەن، وەك بارت ئەڵێ: دەق نەك تەنیا بونیادێکە بەڵکو بریتییە لە کرداری بونیادکردن *Structuration* لەمەش زۆر زیاتر کراوەیە،

ڕەخنـەش ئـەم کـردارە ئـەنجام ئـەدات.. ڕۆمـانی بلزاك بەرهەمێکی ریالیزمییە، بە هیچ جۆرێ ئەو لادانـه ئـەنجام نـادات کـه بـارت بـه لادانـی نیشانەسـازی دانـاوەو خسـتویەتییە پاڵ بلزاك...

مامەڵـەی ڕەخنـەیی ئـەو نابێتـە هـۆی دروسـتکردنەوەی بابەتەکـە، بـەڵکو لـە دەرەوەی هەمو ئەو یاسایانەی کە باوە، دەست ئەکات بە نوسـینەوەو ڕێکخسـتنەوەی ئـەو بابەتـە بـە هـەر پێوەرێك بێت، ئەوەی بەم شێوەیە رون ئەبێتەوە، رویـەکی بەرهەمەکەیـە کـە تـا ئێسـتا نەخراوەتـە بەرچاو.

ڕۆمـانی سـارازین وەك دەقێکـی دیـاریکراوی ڕیـالیزمی ئـەدەبی خراوەتـە ڕو، ئـەوەش ڕون ئەکاتـەوە کـە ئـەو فەرەزیانـەی بەسـەر ئـەم بەرهەمـەدا زاڵـن، بـە دەسـت چـەند نهێنییەکـەوە گرفتـارن: چیرۆکەکـە دەربـارەی پرۆسـەی گێڕانەوەیەکی نائومێدانەیەو دەربارەی خەسـانی سێکسـیو سـەرچاوە ئاڵۆزەکـانی سـامانی سـەرمایەداریو ناکۆکیـە قـوڵو نەخشـە جێگیرەکانی سێکسیە..

لە دوا جەزرەبەیدا بارت توانی ئەوە ڕابگەیەنێ کـە: نـاوەڕۆکی ڕۆمـان پەیوەسـتە بـە ڕێبـازی تایبـەتی شـیکردنەوەی خۆیـەوە. ئـەم چیرۆکـە باسی قەیرانەکانی نواندنی ئەدەبی و پـەیوەندی سێکسی و ئاڵوگۆڕی ئابوری ئەکات.

لـەو نمونانـەی کـە خسـتمانە ڕو، ئـایدولۆژی بـورژوازی وەك ئاماژەیـەك ئەڕوانێتـە نیشـانەو ئەبێتە جێگای گومان و دوودڵی. لەم بۆچوونەوە ئەتوانین بە توند و تیژییەکی تایبەت و جـوان و شـیکردنەوەیی، بـەو بۆچوونـەی کـە بلـزاك ئەروانێتـە پشـتەوەی زەمـەنی مێژوویـی، ئاوەهـا چیرۆکـەکان بخوێنینـەوە، کـە ئـەم زەمەنـە مێژوییەش لـە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەسـت پـێ ئەکات تا سـەردەمی "بارت" کە بە سـەردەمێکی هاوچەرخ دائەنرێت.

لـە ڕاستیدا ئەم بەشە ئەدەبییـە نوێخـوازە بـە پلـەی یەکەم ڕێگای خۆش کرد بـۆ سـەرهەڵدانی ڕەخنـەی بونیادگـەری‌و ڕەخنـەی پـاش بونیادگەری. هەندێ لە بەرهەمە دواییەکانی بارت و دریـدا، بریتین لـە دەقی نوێخـوازو ئەزمونگـەرو سیمبۆلیزمی پڕ لە تەم‌ومژ.

له پاش بونیادگەریدا هیچ سنورێکی دیارو ئاشکرا له نێوان "رەخنەو خولقاندن"دا نەکێشراوە، بۆیە بونیادگەری کاتێ سەری هەڵدا کە زمان لای رۆشنبیران ببووه سەرچاوەی دوودڵی، گرنگیدان بە زمانیش لەو راستییەوە سەری هەڵداوە کە لە کۆتایی سەدەی نوزدەیەم و سەدەی بیستەمدا هەستی پێ کرا، کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا زمان لە قەیرانێکی گەورەدایە، کەواتە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا، لە کاتێکدا بە گشتی گوتار بوە بە ئامرازێك بۆ خزمەتی ئالاو بازرگانی پرۆپاگەندەو بیرۆکراتیەت. لەم حاڵەتەدا مرۆڤ چۆن ئەتوانێ دەست بۆ قەڵەم ببات، یاخود بۆ کێ بنوسێ بۆ ئەو خەڵکە بنوسێ لەنێو سودی تایبەتدا گلاون و توشی گێژبوونی ڕۆشنبیری بوون، ئایا ئەکرێ ئەدەب ببێتە کالایەك یاخود بەرهەمێکی ئەدەبی لە بازاڕی ئازاددا، ئایا ئێمە ئەتوانین لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە دڵنیایی ئەقلانی و ئەزمونگەرەکانی چینی ناوەند بەشدار بین، لەو سەردەمەدا ئەوان خۆیان بەسەر جیهاندا سەپاندبوو.. کەواتە بێ بوونی چوار دیوارێك بۆ

بڕوا کۆمەڵایەتییەکان، چۆن نووسین بە ئەنجام ئەگەیشت.

نوسەریش لەم کاتەدا بەشداره لەگەڵ جەماوەردا، لە میانەی هەڵچونی ئایدیۆلۆژیای سەدەی بیستەم چۆن ئەتوانێ جارێکی تر چوار چێوەیەکی هاوبەشی وەکو ئەمە دروست بکرێت؟ لەبەرئەوە ئەم جۆرە پرسیارانە لە هەل‌ومەرجی مێژویی و واقعی نوسینی هاوچەرخدا ریشەیان هەیە و ڕیشەیان داکوتاوە، وای کرد مەسەلەی زمان بەم شێوە حەماسییە بێتە ڕوو.

قوتابخانەی فۆرمالیست و فۆتۆریزم‌و بونیادگەری هەمویان بە هەموو شێوەکانیانەوە وەڵامدانەوەی ئەم ئاستەنگە مێژوییە بوون، ئەویش بە نامۆکردن و نوێکردنەوەی وشەو گەڕاندنەوەی دەوڵەمەندی بۆ زمانی ڕۆژئاوا ئەو دەوڵەمەندییەی لێی سەندراوەتەوە، بەلام ئەم توانایەش هەبوو کە خودی زمان خۆی وەك جێنشینێ لە بەرامبەر ئەم مەسەلە کۆمەڵایەتییە بە توانایانەدا خستە ڕوو. ئەو مەسەلانەی کە ئەتخەنە دوودڵییەوە یان بە خۆشی بێت یا بە

ناخۆشی ئەم چەمکە ئاساییە لەبیر بکەی، کاتێك نوسەر بۆ کەسێك یان دەربارەی شتێك ئەنوسێ.

بارت لە یەکێك لە نوسینە بەنرخەکانی کە ساڵی *1953* نوسیویەتی بە ناونیشانی "نوسین لە پلەی سفردا ... *Writing Degree Zero / 1953* تا رادەیەك وێنەی ئەو گۆڕانکارییە مێژوییە ئەکێشێت، کە نوسین لە میانەیدا بۆ شاعیرانی ریالیزمی سەدەی نۆزدەیەمی فەرەنسادا بووە بە کارێکی زۆر پێویست. نەك نوسین بە مەبەستی ئامانجێکی دیاریکراو و دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، وەك ئەدەبیاتی قۆناغی (کلاسیکی) بەڵکو لەهەمانکاتدا ئەبێت نوسین وەك ئامانجێك و دڵبەستێك بێت.

ئەگەر شتەکان و ڕوداوەکان لە جیهانی راستەقینەدا وا دانرا کە نامۆ بوون و بێ ژیانن، ئەگەر مێژو کەوتە نێو هەڵەق و مەڵەقی و ئامانجەکانی خۆی ون کرد، ئەو کاتە ئەتوانین هەمو ئەمانە بخەینە نێو دوو کەوانەوەو پەیوەندییە ئاماژەییەکان دوا بخەین و لە جیاتی ئەمانەش وەك ئامانجێ وشەکان دانرێ.

نوسین بە کردارێکی قوڵی نیرسیسیانە بۆ لای خۆی ئەگەڕێتەوە، بەڵام هەمیشە لە ژێر تیشک و گرفتاری گوناهـە کۆمەڵایەتیەکاندایـەو بـەبێ سودی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشی کە بە ناچاری هاودەستە لەگەڵ ئەوانەی ئـەویان کـردوە بـە کاڵایەکی نابەدڵ، هەوڵ نادات بۆ رزگاربوون لـە ئالودەگی، یان بە مانایەکی دیکە ڕزگاربوون لـە کۆتی کۆمەڵایەتی، ئـەویش یـان بـە هـەنگاونان بـەرەو بێدەنگـی پـاك و بێگـەرد، وەك چـۆن سیمبۆلیزمەکان پەیڕەوی ئەم کارەیان کرد، یان گەڕان بـە دووی بێلایەنیـەکی تونـدو تـۆڵ. وەك جۆرێك لە نوسینی (پلە سفر) بە هیوای ئـەوەی نوسینێکی بێ گوناە بخوڵقێ، بەڵام لە راستیدا هەروەك هەمەنگوای دەڵێ، ئەم کارە بە ئەندازەی هەر نوسینێکی تر بریتییە لە شێوازێکی ئەدەبی.

بێگومان ئەو گوناهەی (بارت) باسی ئـەکات، خـۆی لـە خۆیـدا گونـاهی خـودی دەزگـا ئەدەبیەکانە، ئەو دەزگایانەی بە پێی بۆچوونی ئـەو، شـایەتی حـاڵی دابەشـکردنی زمانـەکان و دابەشـکردنی چینـەکانن، بـەڵام لـە کۆمـەڵگای هاوچەرخدا نوسین بە شێوازی ئەدەبی مانای وایە

هیچ بوارێك بۆ دەربازبون لەم شێوە دابەشکردنە نییە.

وا چاکە کە وا تەماشای بونیادگەری بکرێت وەك ئەوەی کە بریتییە لە پەیوەندی و بەرپەرچدانەوەی کورتکراوە لە قەیرانە کۆمەڵایەتی و زمانەوانییەکاندا. بونیادگەری ڕاکردنە لە مێژوەوە بۆ دامێنی زمان – کارێکی تەنزئامێزە، وەك بارت بۆی ئەچێ، چەند هەنگاوێکی تر ئەتوانێ ئەوە ئەنجام بدات و گرنگییەکی مێژوویی مەزنی هەبێ.

بەڵام لەهەمانکاتدا کە هەوڵی جیاکردنەوەی مێژوو ئەدات لە مانا ئاماژە بۆ کراوەکەی، هەروەها ئاواتی ئەوەشە چەمکێك هەبێ لەو نیشانە "ناسروشتیانە"ی کە ژنان و پیاوان پێی ئەژین و بەمەش بە توندی لەو گۆڕانکارییە مێژووییانەیان ئاگاداریان ئەکاتەوە..

ئەم ڕێگایە پەیوەندی خۆی دوبارە لەگەڵ ئەو مێژوە دروست ئەکاتەوە. کە سەرەتا لێی جیا ببۆوە. ڕودانی ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بەوەی کە لەگەڵ مێژوودا ڕویداوە. ڕودانی ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بەوەی ئایا ئەوەی ئاماژەی بۆ کراوە بە

شێوەیەکی کاتی دواخراوە یا بە شێوەیەکی هەمیشەیی..

بە هاتنی پاش بونیادگەری، ئەوەی لە سەردەمی بونیادگەریی پاشکەوتوو دائەنرا بریتی نەبوو لە وەلانانی مێژوو (رەفز کردنی مێژوو) بەڵکو خودی چەمکی بونیاد بوو. لە دیدی کتێبی "چێژی دەق"ی بارتەوە تیئۆر و ئایدۆلۆژیاو مانای دیاریکراو ئیلتیزامی کۆمەڵایەتی هەمویان بوون بە شتێکی *{ترسناك}*. *{نوسینیش}* وەڵامدانەوەیەکی گونجاوە بۆ هەموو ئەو شتانە..

نوسین یاخود (خوێندنەوە – وەك – نوسین) دوا سەنگەری نەبەزیوە کە رۆشنبیران ئەتوانن گەمەی خۆیانی تێدا بکەن و چێژ لە تامی دالەکان وەربگرن بێئەوەی گوێ بدەنە هەمو ئەو شتانەی لە کۆشکی ئەلیزییەوە یان لە کارخانەی رینۆدا روو ئەدەن.

لە نوسیندا لە هەر چرکەیەکدا ئەکرێ سەرکوتکاری مانای بونیادگەری لەتوپەت بکرێ، لە شوێنی ئەودا گەمەی سەربەخۆی زمان دابنرێ، هەروەها بابەتی نوسین، خوێندنەوە ئەتوانێ لەنێو قالبێکی تەسکی شوناسی

تاکەکەسیدا ئازادی بکاتو لەنێو خودی بەربڵاو و شادماندا بڵاو بێتەوە. بارت ئەڵێ: "دەق ئەو مرۆڤە ئازادەیە کە پشتی خۆی نیشانی سەرۆکی سیاسی ئەدا". ئێمە لە زەمانی "ماسیو ئارنولد"ەوە تا ئێستا ڕێگایەکی درێژمان بڕیوە.

ئاماژە بۆ سەرۆکی سیاسی، کارێکەو لەپڕ نییە، چێژی دەق، پێنج ساڵ پاش تەقینەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بڵاو کرایەوە. کە ئەو تەقینەوەیە سەرۆکە سیاسیەکانی فەرەنسای لە ڕەگەوە هێنایە لەرزین، ساڵی *1968* بزوتنەوەی قوتابیان سەرتاسەری ئەوروپای گرتەوە، ئەم بزوتنەوەیە لەدژی دەزگا دەسەڵاتدارەکانی فێرکردن راپەڕین و لە فەرەنساش خودی دەوڵەتی سەرمایەداری تا ڕادەیەك کەوتە بەر هەڕەشە.. لە شەقامەکانی فەرەنسا پۆلیس و سەرباز کەوتنە پێکدادان و لێکدان لەگەڵ قوتابیاندا کە هەوڵیان ئەدا هاوپەیمانیەك لەگەڵ چینی کرێکاردا دروست بکەن. هەر لەو کاتەشدا دەوڵەت، بۆ یەك زەمەنی درامی، لەسەر رۆخی هەرەسهێنان بوو..

بزوتنەوەی قوتابیان لەبەرئەوەی نەیانتوانی ڕاپەڕینی سیاسی پتەو دروست بکەن، کەوتنە نێو گەمەی منداڵانەو سەرلێشێواوانەی سۆسیالیستیو ئەرناشیزمیو خەمو ئاشتیی منداڵانەوە. لە ئەنجامدا بووە هۆی پاشەکشێو پەراگەندە بونیان. بزوتنەوەی چینی کرێکار بە هۆی خیانەتی سەرۆکە ستالینییە خائینەکانیانەوە نەیانتوانی دەسەڵات بگرنە دەست. شارڵ دیگۆل لە مەنفا گەڕایەوەو دەوڵەتی فەرەنسا، دیسان بە ناوی نیشتمانپەروەریو یاساو قانونەوە، توانی دەسەڵات بگرێتەوە دەست.

پاش بونیادگەری دەرئەنجامی ئەم گەشبینیو ڕزگاریخوازیو پاشا گەردانیو پەراگەندەییو شادمانی گشتیو وێرانییە بوو، واتە دەرئەنجامی ساڵی *1968* بوو. لەبەرئەوەی پاش بونیادگەری نەیتوانی بونیادەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت تێک بشکێنێ. بۆیە لە جیاتی ئەمە پەنای بردە بەر هەڵوەشاندنەوەی زمان.. هیچ نەبێ لە ئەنجامی ئەم کارە هیچ کەس ناکێشێ بە سەرتدا.

بزوتنەوەی قوتابیان لە شەقامەکان پەرت و بڵاو کراو لابرا، ناچار کرا بە کارکردنی ژێر زەمینی، هەروەك چۆن دوژمنی بارت لە دواییدا سیستەمە توندوتۆڵەکانی بیروڕا بوو، هەروەها بوو بە دوژمنی ئەوانیش (واتە بزوتنەوەی قوتابیان) بە تایبەت هەموو ئەو شێوە تیئۆرو ڕێکخراوە سیاسیانەی کە ئەیانەوێ و هەوڵ ئەدەن لەنێو گشت بونیادەکانی کۆمەڵدا بوونیان هەبێ و کار بکەن.

ئەم سیاسەتانە چاوەڕوان ئەکرا توشی شکست بێن: بە بڕوای ئەوان ئەو سیستەمە زیاد لە پێویست بە هێز بوو، ئەو وتارە ڕەخنەییانەی مارکسییە ستالینییە دەمارگیرەکان پێشکەشیان کرد، بەشێك بوو لە کێشەکە، نەك چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتە، هەموو ئەم بڕوا مەنهەجیانە بووە جێگای ترس، لەوە ئەترسان مانا زەینیەکان دەسەڵات پەیدا بکەن و بەهێز بن لە چاو ئەو توانا جیاخوازی و خودبەخودی و ئاژاوەچییانە.

لە مەسەلە دواییەکانی‌دا بە بڕوای بارت خوێندنەوە بریتی نییە لە زانین و ئیدراك، بەڵکو خوێندنەوە بریتییە لە نواندنێکی عاشقانە، تەنها

ئەو شێوە کارە سیاسییانەی کە جێی خۆیان لە دڵ و دیدەدا کردەوە، ئەو کارە ناوکۆیی و پەراگەندەو ستراتیژیانەی بوو: وەك كاركردن لەگەڵ زیندانییەکان و گشت گروپە پاشکۆکانی کۆمەڵ و پرۆژە تایبەتیەکانی رۆشنبیری و فێرکردن. بزوتنەوەی ژنان لەگەڵ هەموو شێوە کلاسیکییەکانی رێکخراوەیی باڵی چەپدا لە دژایەتیدا بوون هەندێ درزی ئازادیخوازانەو (ناجێگیری) خستنە ڕو، لە هەندێ ڕوەوە تیئۆری ئەبستیمی وەك تیئۆرێکی پیاوانە رەت کردەوە.

بە بڕوای زۆربەی پاش بونیادگەرییەکان خراپترین هەڵە ئەو باوەرە بوو کە ئەم جۆرە پرۆژە ناوخۆییانەو ئەم کارە تایبەتیانە لەنێو چەمکێکی بەرفراوانی سروشتی کاری سەرمایەداری مۆنۆپۆلیدا (بە گشتی) بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئەم (سیستەم)ە بوو کە ئەوانی لەگەڵ ئەماندا هاوبەرامبەر ئەکرد.

لە هەموو جێگایەك هێز ئامادەگی هەبوو کە هێزێکی هێرشبەر و جیوەیی بێ کە خۆی ئەکرد بەنێو تەواوی بەشەکانی کۆمەڵدا، بەڵام وەك دەقێکی ئەدەبی خاوەن مەرکەز نەبوو.. ناتوانین

به گشتی ململانێی هەموو سیستەمەکان بکەین، چونکه له راستیدا شتێك بونی نییه به شێوەیەکی گشتی ناونیشانی (سیستەم) بێت بەرامبەر بەم کاره. هەر کەسێك له هەر خاڵێك که ئارەزویەتی له ژیانی کۆمەڵایەتیو رامیاریدا بەشدار بێت.

هەروەك چۆن بارت توانی (سارازین) ی بلزاك بۆ کۆمەڵێ یاسا و جفره پارچه پارچه بکات له کاتێکدا چەمکه گشتییەکان به حەرەم له قەڵەم ئەدران تەواو ڕون نییه، که ئایا تاکەکەس چۆن ئەتوانێ ئەوه بزانێ که سیستەم به شێوەیەکی گشتی بوونی نییه، ئەوەش ئاشکرا نەبووه که ئایا ئەم دیدگایه له هەموو جیهاندا به ئەندازەی پاریس جێگای ڕێز و جێبەجێکردنه، بۆ نمونه له جیهانی سێیەمدا ژنان و پیاوان له جۆرێك تێگەیشتنی گشتی یان بۆ لۆجیکی ئیمپریالیزمی هەوڵیان ئەداو داوای ئازادبوونی وڵاتەکەیان ئەکرد لەژێر چنگی دەسەڵاتی رامیاریو ئابوریی ئەوروپاو وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. ئەو کەسانه له ڤێتنامیشدا هەر لەگەڵ ڕودانی بزوتنەوەی قوتابیانی ئەوروپا، ئامانجیان جێبەجێبوونی ئەم ئاواته بوو.

سەرەڕای تیئۆرە گشتییەکانی ئەوروپا دوای چەند ساڵێ ئەوان (واتە ڤێتنامییەکان) سەلماندیان کە لە خوێندکارانی پاریس سەرکەوتوتر بوون. بەهەرحاڵ ئەم جۆرە تیئۆرانەش لە ئەوروپادا بە گورجی قۆناغی تواناو تیژی خۆی بڕی، هەروەك چۆن شێوازی کۆن لە کاری سیاسەتی هەمە لایەنیدا لە سەرچاوەی بڕواوە ئەوەی ڕاگەیاند کە گرنگی پێدانە ناوخۆییەکان گەلێ گرنگن. سیاسەتی نوێی بەشەکانیش لەبەرئەوەی پێی وابوو هەموو کارێکی هەمەلایەنی ئەبێتە وەهمێکی ترسناك، حەزی بە دابڕان ئەکرد.

بەو بەڵگانەی کە باسم کرد، ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە ئەنجامی سەرشۆڕکردن و نوشوستی رامیاری دیاریکراوەوە هاتۆتە گۆڕێ. ئەو "بونیادە گشتی"یەی وەك دوژمنێك نەناسرا بە بونیادێکی مێژوویی ناسرابوو. ئەو دەوڵەتە چەکدارو سەرکوتکەرەی قۆناغی کۆتایی سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی بوو، لەگەڵ سیاسەتەکانی ستالینیدا کە خۆی وا نیشان ئەدا

دژی ئەوەیە، کەچی زۆر بە قوڵی لەگەڵ ئەودا هاودەست بوون.

ماوەیەکی زۆر پێش سەرهەڵدانی قوتابخانەی پاش بونیادگەری، چەندین نەوەی سوسیالیستەکان لەگەڵ هەردو ئەم دوو پارچەیە لە جەنگدا بوون، بەڵام پاش بونیادگەرەکان ئەم توانایەیان لەبەرچاو نەگرتبوو کە پەشێوییە شەهوانیەکانی خوێندن، یا تەنانەت کاری ئەو کەسانەی کە تاوانکارانە لکابوون بە کاری شێتانەوە، ڕێگاچارەیەکی گونجاوە، شۆڕشگێڕەکانی گواتیمالاش ئەم هەموەیان بە چاوەڕوانکراو نەدەزانی.

لە یەکێ لە گەشەکردنەکانیدا پاش بونیادگەری بوو بە شێوازێکی گونجاو بۆ خۆلادان، بە تایبەتی لەم جۆرە پرسە سیاسیانەدا. کارەکانی دریدا و ئەوانەی دیکەش کەوتنە گومانەوە دەربارەی بۆچوونیان بۆ چەمکە کلاسیکیەکان. لە بۆچوونی چەمکە کلاسیکیەکاندا لە بارەی حەقیقەت، واقیع، مانا،..وە ئەتوانرێ هەموو ئەمانە وا دابنرێ کە ئەچنە پاڵ تیئۆرە زمانەوانییە ناجۆرەکانەوە.

ئەگەر مانا یا مەدلول، بەرهەمی تێپەڕی وشە یاخود دالەکان بێت، کە هەمیشە لە حاڵەتی ناجێگیریو هەمیشە نادیاریدا بوو و هەمیشەش یەکێکی ئامادەو نا ئامادە بوو، کەواتە چۆن ئەبوو راستی یاخود مانایەکی قەتعی بوونی هەبێت ئەگەر واقیع لە جیاتی ئەوەی رەنگدانەوەی گوتنەکانمان بێت بریتی بێ لە ئەفراندنی گوتنەکانمان! چۆن ئەتوانین لە بری ئەوەی تەنیا لە قسەکانی خۆمان بگەین، لە خودی واقیع بگەین! ئایا هەموو ئەوانەی ئێمە ئەیڵێین لە راستیدا گفتوگۆیە دەربارەی وتەکانی خۆمان! ئایا ئەو بۆچوونە راستە ئەگەر بڵێین لێکدانەوەیەك دەربارەی واقیع، یاخود مێژوو یا دەقی ئەدەبی لە لێکدانەوەیەکی دیکە باشترە!

سایکۆلۆژیست (دەروونناس) خۆی بۆ ناسینەوەی ئەو مانایانە تەرخان ئەکات کە بە رابردووەوە پەیوەستن، لێرەدا پرسیارێك روبەروومان ئەبێتەوە؛ ئایا رابردوویەك هەیە شایانی ئەوە بێت بیناسین، بەبێ ئەوەی ئەو مانایە تەنیا ئەرکێك بێت بۆ گوفتاری ئامادە بوو!..

ئەگەر دامەزرێنەرانی پاش بونیادگەری هەموو ئەم شتانەیان قبووڵ بێت یان قبووڵ نەبێ، ئەوا ئەم شێوە گومانە بوە بە جۆرێکی نوێخواز لە زنجیرەکانی ئەکادیمیای چەپڕەویدا.. لە هەندێ جێگادا بەکارهێنانی هەندێ چەمکی وەك راستی، واقیع، دڵنیابوون، ڕەت کرایەوە بە بیانوی ئەوەی ئەم چەمکانە میتافیزیقین..

ئەگەر کەمێك لەوە باوەڕت کرد کە گوایە ئێمە ناتوانین هیچ شتێك بناسین ئەمە مانای وایە بە سۆزەوە باوەڕت بە چەمکی راستی رەهایە. بە گەورەیی بڕوات وایە کە ئەتوانیت لەگەڵ هەندێ لە زانایانی هۆشمەندی سروشت /راستی وەك ئەوەی کە هەیە ببینی.

لە راستیدا لەم سەردەمەدا، تاکەکەس کەمتر ڕوبەڕوی کەسانێکی کەم ئەبێتەوە لەوانەی کە باوەڕیان بەم جۆرە بیروڕایە هەیە، بە تایبەت لە نێوەندی فەیلەسوفەکانی زانستیشدا بەدی ئەکرێ‌و گومانکەرەکان هەراسان ناکات.

ئەو شێوە زانستەی زۆرجار پاش بونیادگەرەکان گاڵتەیان پێ ئەکرد، نمونەیەکی ئیجابییەو ڕویەکی دیکەی بۆچونی ئەقڵانی

سەدەی نۆزدەهەمە لە زانینی راستیەکاندا. ئەم نمونەیە نمونەیەکی سست و سوکە.. هیچ مافێکی نەبەخشیوەتە زاراوەی {زانست} هەروەها لەم وێنە کاریکاتوریە خودییەدا زانست هیچ شتێکی دەست ناکەوێ.. بە مانای پرنسیپێکی پەتی نییە بۆ بەکارهێنانی ئەم وشانە {راستی} {واقیع} {دڵنیایی}،... هتد. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ئەم وشانە بێمانا و ناکاریگەرن.

کێ بڕوای بەوە هەبووە کە ئەم جۆرە پرنسیپە ڕەهایانە بوونیان هەیە، ئەگەر بوونیشیان هەبێ شێوەیان چۆنە؟ ئەبێ یەکێك لە سودەکانی ئەو پرنسیپە کە ئەڵێ ئێمە بەندی گرفتەکانی خۆمانین و ناتوانین هەندێ پێشنیاری دیاریکراو و ماقوڵ بخەینە ڕو، ئەوە کە بوار بە ئێمە ئەدا لە مەیانی باوەڕەکانی ئەودا ئەسپی خۆمان تاو بدەین و لەهەمانکاتدا خۆمان نەخینە تالوکەوە لە پێناوی قبوڵکردنی هیچ یەك لەو شتانە. لە ئەنجامدا سەنگەرێکی قەڵبەنەدیوە.

ئەم راستییەش کە بە تەواوی بەتاڵە لە راستیدا نرخێکە ئەبێ تاکەکەس بیبەخشێ بەرامبەر بەم هەڵوێستە. ئەو بۆچوونەی بڕوای

وایە، گرنگترین سیمای دیاری هەر پارچەیەکی زمانەوانی لەوەدایە کە لەو شتە ناگات کە لە بارەیەوە ئەدوێت ئەم پارچە زمانەوانییە تەعبیر لە خۆبەدەستەوەدان ئەکات بۆ بیری نەبونی راستی.

لە راستیشدا ئەم کارەش پەیوەندی بەو بە هۆشهاتنەوە مێژووییەوە هەیە کە لە پاش ساڵی *1968* ڕوی دا. ئەمەش بە ئاسانی لەوە ڕزگاری ئەکات کە هەڵوێست بەرامبەر بە مەسەلە گرنگەکان وەربگرێ، چونکە ئەوەی دەربارەی ئەم شتانە ئەیڵێی زیاتر لە بەرهەمێکی خستنەڕوی {دال} نیەو لە هەر چەمکێك نابێ بە راستی یا بە جدی وەربگیرێت.

سودێکی دیکەش کە لەم هەڵوێستەوە سەرچاوە ئەگرێ. ئەوەیە کە ئەم هەڵوێستە لە چۆنیەتی ڕێزگرتنی راکانی بەرامبەر هەڵوێستێکی توندڕەوە، هەروەها ئەتوانێ ڕاکانی تر ئاوەڕۆ بکات وەك گەمەیەکی سەرسوڕهێنەری نیشانەکان نیشانی بدا، کەچی لە لایەنەکانی تردا بە تەواوی پارێزگارە بەوەی کە ئێوە بە هیچ شتێکەوە نابەستێتەوەو هەر بە ئەندازەی دەستڕەشکردن بە خەڵوزێك زیانی هەیە.

بونیادشــکێنیەکان لــە جیــهانی ئــەنگلو – ئەمریکایدا بە شـێوەیەکی گشـتی مـەیلیان چـوە سەر گرتنەبەری ئەم ڕێگایە.

ئـەو ڕێگایـەی کـە پێـی ئـەوترێ قوتابخانـەی بونیادشکێنی یـەل *yale* {پـەیڕەوانی یـەل} بریتـین لە پۆل دۆمان. *Paul deman* ج – هیلیس میللەر *J Hillis* . جیڤری هارتمان *geoffrey hartman*، لـە هــەندێ ڕوی دیکــەدا نمونــەمان هەیــە لەســەر پـەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیـە وەك هـارۆڵد بلـۆم. لـە ڕاستیدا دۆمـان لـەم پرۆسـەیەدا شـتێکی تـازەی دۆزیوەتەوە لە بارەی پێناسەکردنی "جەوهـەر"ی خودی ئەدەب. بەهـەمان شـێوە دۆمان بە تـەواوی ئەوەی دۆزیــەوە کـە زمـان بونیـادێکی خـوازراوە {مســتعار}و بـە مـەجازو لێکچوانـدن کـار ئـەکات، ئەگـەر لـەو بـاوەڕەدا بـین کــە زمـان بــە تــەواوی پابـەندە بـە واژەوە، ئـەوا ئـەو بۆچوونـە هەڵەیـە. هەروەها دۆمان بە تایبەت ڕەخنەکەی لەم بوارەدا پسپۆرە کە زمانی ئەدەبی هەمیشە خـۆی خـۆی شی ئەکاتەوە.

فەلسەفەو یاساو تیئۆری سیاسی وەکو شیعر هــەر هــەمویان ســود لــە خواســتن وەردەگــرن..

ئەمانــەش وەکــو شــیعر نــاواقعین. لــە بناغــەوە خواستن هیچ زەمینەیەکی نییە، چونکە بە تەنیا بریتییــە لــە گۆڕینــی چــەند نیشــانەیەك بــە نیشانەیەکی دیکە، لە ڕاستیدا زمان ئارەزویەتی کە دژ بە سروشتی خەیاڵئامێزو خۆبەخۆیی کار بکــاتو ئەیــەوێ بــە کاملــترین شــێوەی شــیاو دەربکەوێ.

{ئەدەبیات} ئەو شوێنەیە نهێنیەکان تیایدا لە هەمو شتێك ئاشکراترن – کە لە میانەیدا خوێنەر لە نێوان مانای راستەقینەو مانای خوازە (مجان)دا خۆی بە سەرگەردانی ئەبینێ، هــەروەها بــەبێ ئەوەی بتوانێ یەکێ لەم دوانە هــەڵبژێرێ.. بــەم شێوەیە بە هۆی ئەو دەقەی کە ناخوێنرێتەوە گێژ و سەرگەردان ئەکەوێتە نێو گرفتی زمانەوانییەوە. بەم شــێوەیە کــارە ئەدەبییــەکان کــەمتر لــە جــۆرە زمانەوانییەکانی دیکە دەست وەرئەدەن، چونکــە بــە نــاوکۆیی دان ئــەنێن بــە پلــەو پایــەی بەیانکردنیدا. ئەو ڕاستیەی کە ئەیڵێین جیاوازە لەو راستیەی کە ئەنجامی ئەدەن، هەموو ئەو وتانەی کە لە زەمینەی مەعریفەتدا ئەوترێن، لە ڕێگای بونیادەکانی مەجازەوە کار ئەکەنو وای

لێ ئەکات بە نادیاری و ئاڵۆزی دەرکەون، ئەتوانین بڵێین چییەتیەکی تەنزئامێزیان هەیە.

شێوەکانی تری زمان هەر بە هەمان ئەندازە مەجازی و ئاڵۆزن، بەڵام خۆیان وەك راستیەك ئەخەنە ڕوو کە گومانی لێ دور بێ لە دیدی دۆمان و هاوکارەکەی هیلیس میللەر، ئەدەب پێویستی بەوە نییە کە رەخنەگر بونیادەکانی بشکێنێ. ئەتوانین بۆ پاڵپشتی ئەم قسانە ئەوە بڵێین کە ئەدەب خۆی بونیادی خۆی ئەشکێنێ.. سەرەرای ئەمەش ئەم کارە ماددەی ئەدەب و بابەتی ئەدەبە.

تەمومژییەکانی دەقی رەخنەگرانی قوتابخانەی "یەل" جیاوازە لەگەڵ شێوەی هاوگونجاندنی هەردو مانای شاعیرانەی رەخنەگرانی هاوچەرخ. خوێندنەوە لای رەخنەگرانی قوتابخانەی {یەل} بە پێچەوانەی رەخنەگرانی هاوچەرخەوە، بریتی نییە لە پرۆسەی جوتکردنی دوو مانای جیاوازو دیاریکراو: بەڵکو مەسەلەکە راوەستانە لە نێوەندی ڕێگادا، واتە لە نێوان دوو مانادا نە ئەکرێ هەردوکیان پێکەوە بگونجێن، نە ئەشکرێ

هەردوکیان رەت بکەینەوە، بەڵام رەخنەی ئەدەبی ئەبێتە کارێکی گاڵتەجاڕیو ئاژاوەچیو سەرسەخت. هەروەها ئەبێتە هۆی دروستکردنی دڵەڕاوکێ لە ناخی دەقدا، فێڵەکانی مانا ئاشکرا ئەکا و حەقیقەتی ناومکینو دیاردە سەرلێشێوێنەرەکانی زمان ئاشکرا ئەکات.

لە ڕوویەکی دیکەوە ئەم شێوەیەی بونیادشکێنی ئەنگلو ئەمریکایی، لە گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی فورمالیستە تایبەتیەکانی جۆری ڕەخنەگرانی نوێ زیاتر، هیچی تر نییە. لە ڕاستیدا گەڕانەوەی ئەم ڕێبازە گەڕانەوەیەکی چڕو پڕە، بەڵام لە ڕوانگەی رەخنەی نوێوە شیعر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی حەقیقەتی پاش شیعری ئەکات (ما وراء الشعرية).

بە پێی دیدی بونیادشکێنی، لە راستیدا ئەدەبیات وەك قەرەباڵغی مەیخانەیەك لە باسکردنی ناکامیەکانی خۆی زیاتر، زمان ناتوانێ هیچ کارێك ئەنجام بدات. ئەدەبیات وێرانەی هەموو ئەو ئاژاوانەیە کە ئاماژەی بۆ ئەکات، هەروەها گۆڕستانی بیرگۆڕینەوەیە[3].

لەو جیهانەی ئایدۆلۆژیا بە سەریدا زاڵە، رەخنەی نوێ، دەقی ئەدەبی وا ئەبینێ کە دواکەوتنێکی پیرۆزی دەستی باوەڕە مەزهەبیەکانە. بونیادشکێنی واقعیەتی کۆمەڵایەتی زیاتر وەك توڕێکی پڕ لە تین و تەوژمی بڕیارنەدان ئەبینێ، کە ئەم تۆڕە لە ئاسۆوە بۆ ئاسۆ درێژ بۆتەوە. نەك وەك وتەیەك کە توانایەکی ستەمکارانەی هەبێ. لێرەدا بە پێچەوانەی رەخنەی هاوچەرخەوە، ئەدەبیات بەوە ڕازی نابێ کە بەدیلێکی رەهبانی بۆ مێژوی ماتەریالی پێشکەش بکرێ، بەڵکو درێژ ئەبێتەوەو ئەو مێژوە بەرەو بەندی ئیمپریالیزم رائەکێشێ و بە پێی بۆچوونی خۆی دەست بە نوسینەوەی ئەو مێژووە ئەکات، وەك دەقێکی ئانیو دیارینەکراو ئەڕوانێتە ژنان، شۆڕشەکان، پێشبرکێی یاری دووگۆڵی، شەرابی بێ نرخ،.. چونکە ژنان و پیاوانی شێلگیر حەز ناکەن لە هەلومەرجێکدا دەستبەکار بن کە ناوەڕۆکی ئەو هەلومەرجە بە تەواوی ڕون نییە.

ئەم دیدگایە لە شێوەی کۆمەڵایەتیو رامیاری ئەو کەسە بێبەش نییە، چونکە ئەدەب نمونەی

بەرزی هەمو ئەم جۆرە دیارینەکردنەیە، کەواتە پاشەکشێی رەخنەی نویٚ بۆ نێو دەقی ئەدەبی، ئەتوانین بەهەمانکات کە دەستی رەخنەی تۆڵەسەندنەوە ئەگاتە جیهان، وا بیگەرێنینەوە، کە وای لیٚ ئەکات هیچ مانایەکی نەبێت.

بۆ تیئۆرە ئەدەبییە کۆنەکان، ئەزمون کارێکی زۆر پڕ لە خەیاڵو ناجێگیرو پڕ لە نهێنییە.. بەڵام زمان لەم کاتەدا جێگای ئەوی گرتۆتەوە، زۆر لە زاراوەکان گۆڕان، بەڵام زۆر بۆچوونی جیهانی هەروەك خۆیان مانەوەو نەگۆڕان، بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەی بۆچونەکانی "باختین"ەوە، وەك دیالۆگ، تەماشای زمان ناکرێت..

"جاك دریدا"ش لە کارە قوڵەکانیدا ئەوەندە گرنگی بەم تێبینیانە نادات، کە تا رادەیەکی زۆر لەبەر ئەم هۆیەیە کە پرنسیپی گرنگیدان بە دیاردەی نادیاریکراو سەرهەڵئەدات. ڕەنگە لە تواناشدا نەبیٚ مانا دیاری بکریٚ، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕامان باسی زمانمان کرد بەوەی کە بریتییە لە زنجیرەیەك دالی سەر ڕوپەڕی کاغەزیٚ، بەڵام ئەگەر وا بڕوانینە زمان کە ئەنجامی ئەدەین وخۆی بۆتە شێوەیەك کە بونیادەکانی

پارچەپارچە ناکرێ‌و لەگەڵ شێوە کردارییەکانی ژیانمان یەکی گرتۆتەوە، لەو کاتەدا ئەکرێ کارەکە ئەنجام بدرێت.

هەروەها (مەعریفە)، (واقیع)، (ئەبستیم) (راستی) هەندێك لە توانای خۆیان دەست ئەکەوێتەوە، بەڵام بەو جۆرەش نییە ئەگەر بڵێین دوای ئەمە زمان جێگیرو درەخشان ئەبێت: بە پێچەوانەوە لە هەر دەقێکی ئەدەبی بونیادشکێنی دیکەدا پڕ بارگەتر و ناکۆکتر ئەبێ.

تەنیا بەو شێوەیە توانامان زانستیانە ئەبێ، نەك ئەکادیمیانە تێبینی ئەوە بکەین کە چ شتێك ئەتوانێ بڕیاردەرو دیاریکەرو رازیکەرو دڵنیاییبەخش‌و راست‌ودرۆ و.. هتد بێت.

سەرەڕای ئەوەش لە پشتەوەی زمانەوە ئەبینین ئەوەی پەیوەندی بەم پێناسانەوە هەیە، پاش بونیادگەری ئەنگلۆ-ئەمریکایی ئەم بوارەی ململانێ راستەقینەکەی پشتگوێ ئەخات‌و بەردەوامی بە بزواندنی بابەتە ڕەخنەییە داخراوەکانی خۆی ئەدات. ئەم جۆرە دەقانە لەبەر ئەو هۆیە داخراون، چونکە خودی خۆیان بە تەواوی بەتاڵن، لەگەڵ ئەم جۆرە دەقانە ناتوانرێ

هیچ کارێك ئەنجام بدرێت تەنیا  ئەوە نەبێ کە بە توندو تیژیـەکانی شاگەشکە بـێن ئەوکاتـەی کـە هەمو بەشە چاکەکانی مانای دەق  توابێتـەوە. ئەم توانەوەیەش کارێکە و ناکرێ ڕێگای لێ بگیرێ لە پرۆسەی ئەکادیمی بونیادشکێنیدا. بۆیە ئەتوانی دڵنیـابی ئەگـەر کـاری ڕەخنـەیی ئێــوە لەگــەڵ ڕەخنــەی کەســێکی تــردا لەســەر هــەمان دەق بچووکترین مانـای ئیجـابی لـە نێوەنـدی خۆیـدا بەجێ هێشتبێ،  بۆیە کەسێکی تر پەیدا ئەبێ و بە هەمان شێوە بونیادشکێنی ئەکات.

ئەم شێوە بونیادشـکێنییە جۆرێکـە لـە یـاری بازو و هـێز، تـەواو ئاوێنەیەکـە بـۆ ڕکەبەرایـەتی ڕاســتەقینەی ئــەکادیمی. لــە حــاڵی حــازردا مەسـەلەکە تـەواو بـەم شـێوەیە، سـوڕانەوەیە لــە خڕخڕۆکـەی ئاینـەوە بـەرەو ئایدولۆژیـای کـۆن، بێگومان سەرکەوتنیش بۆ دۆڕاوە: سەرکەوتنیش بـۆ ئـەو کەسـەیە کـە ئـەتوانێ هــەرچی کاغـەزی قوماری لەدەستدایە فرێی بداتو بە دەستی بەتاڵ دابنیشێت.

وا دەرئەکـەوێت کـە بونیادشـکێنی ئـەنگلۆ-ئـەمریکایی ئامـاژە بـۆ هاوچـەرخترین قۆنـاغ لـە

قۆناغەکانی گومانی لیبرالی ئەکات، کە لە مێژوی هاوچەرخی هەردو کۆمەڵگاکەدا شتێکی ئاشکرایە. ڕوداوەکە لە ئەوروپادا کەمێ ئاڵۆزترە. کاتێك شەستەکان بۆ حەفتاکان بواریان رەخساند، کاتێك بیرەوەرییەکانی ساڵی *1968* بەسەرچوو لەگەڵ هەموو خۆشییەکانیداو جیهانی سەرمایەداری کەوتە نێو قەیرانێکی ئاڵۆزی ئابورییەوە.

هەندێك لە پاش بونیادگەرەکانی فەرەنسا لە سەرەتادا هاوکاریان ئەکرد لە دەرکردنی بڵاوکراوەی ئەدەبی پێشڕەو (تیل کویل *Tel Quel*) ئەم کۆمەڵە لە ماویزمی توندڕەوەوە کەوتنە نێو سەنگەری دژ بە کۆمۆنیزم. پاش بونیادگەرەکانی فەرنسای ساڵی *1970* توانیان بە ویژدانێکی ئاسودەوە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا وەك سەنگەرێکی نەبەزیوی بوارەکانی ئازادی و هەمەلایەنی لە جیهانی دابەشبوودا لەقەڵەم بدەن. هەروەها ڕێگا چارەی سۆفیگەرانەی جۆراو جۆریان بۆ چارەسەرکردنی دەردە مرۆیەکان داوا کرد.

ئەگەر سوسێر نەیتوانی سەرەنجام ئەوەی کە خۆی دەستی پێ کردبوو پێشبینی بکات، ڕەنگە بەردەوام بوایە بە باسەکەی دەربارەی حاڵەتی زیادەیی لە دەستووری زمانی سانسکریتیدا. چیرۆکی -پاش بونیادگەری-ش وەك هەمو ڕوداوەکان رویەکی تریشی هەیە. ئەگەر بونیادشکێنە ئەمریکایەکان بڕوایان وا بێ مامەڵە کردنیان لەگەڵ دەقدا دڵسۆزییە بۆ ڕۆحی "جاك دریدا" ئەوا خودی جاك دریدا خۆی بڕوای بەم مەسەلەیە نەبوو. بە بڕوای دریدا هەندێ بەکارهێنانی دریدا بە تایبەتی لای ئەمریکاییەکان لە بواری بونیادشکێنیدا کار ئەکات بۆ مسۆگەرکردنی داخستنی ئەو پەیمانگایانەی کە خزمەتی بەرژەوەندییە ئابورییە باو و ڕامیارییە باوەکانی کۆمەڵگای ئەمریکایی ئەکات(4).

بۆیە دریدا هاتە مەیدان بۆئەوەی زیاتر شێوازی گەشەکردوی نوێی تر بۆ خوێندنەوە پێشکەش بکات: لای دریدا بونیادشکێنی جۆرێکە لە کاری سیاسی ڕوت، هەوڵێکە لە پێناو داماڵینی ئەو لۆجیکەی کە لە ڕێی ئەمەوە (واتە لوجیك) سیستەمێکی تایبەت بە بیرکردنەوە

پارێزگاری هێزی خۆیان ئەکەن، لە پشتی ئەمەوە بونیـــادێکی سیاســـی تـــەواو و دەزگـــا کۆمەڵایەتیەکان خۆیان حەشار ئەدەن.

دریدا نایەوێ ئینکاری بوونی ئەو راستییە رێژەیی و دیاریکراوە بکات، هەروەها نایەوێ ئینکاری ئەو مانا خودیو مەبەستو بەردەوامییە مێژووییە بکات، بەڵکو دریدا ئەیەوێ وا بڕوانێتە ئەم شتانە کە ئەنجامی مێژویەکی قوڵو بەرینی زمـــان و ناهۆشمـــەندی دەزگاکـــانو ئەزمونـــە کۆمەڵایەتیەکانن، بەڵام ناشبێ ئەوەیان لەیاد بچێت کە کارەکانی دریدا، بریتین لە کاری نامێژوییو لە بواری کرداریشەوە پڕن لە تەمومژو هاتوچۆی سیاسی.

هەروەها ئاگاشی لەوە نییە کە زمان بریتییە لە وتووێژ. ناتوانین جیاوازییەك بەدی بکەین لە نێوان دریدا و ئەو پیشە خراپانەی کە لە پاش هاتووەکانی ئەو ئەنجامیان ئەدا.. بەڵام ڕای باو ئەڵێ: پاش بونیادگەری ئینکاری هەمو شتێك ئەکات، تەنیا قسەکردن نەبێت، هەروەها بڕوای وایە خشتەیەك جیاوازی هەیە کە هەمو ماناکانی تیادا ئەتوێتەوە، خودبەخودی تەنیا وێنەیەکی

ساختەکراوی کاری دریداو هەروەها زۆربەی ئەو کارە بەرهەمهاتوانەیە کە لە کارەکانی ئەوەوە سەرچاوەیان گرتوە.

هەروەها ناکرێ پاش بونیادگەری بە جۆرێك لە ئاشوبگەریو چێژپەرستی لەقەڵەم بدرێ، هەرچەند ئەم جۆرە ناوەرۆکانەی تیادا کەم نەبوە. پاش بونیادگەری مافی خۆیەتی کاتێك کە سیاسەتی چەپڕەوی تەقلیدی سەردەمی خۆی بە شکست تاوانبار بکات، چونکە لە کۆتایی *1960* و سەرەتای *1970* شێوەی نوێ لە سیاسەتدا دەستی بە گەشەکردن کردبوو، بەرامبەر بەمەش، بزوتنەوەی چەپڕەوی توشی ترس ولەرز ببوو، توشی دوودڵی ببوو، بۆیە ئەو کاتە پەرچدانەوەی بزوتنەوەی چەپڕەوی باو، بریتی بوو لەوەی یا خۆی بچوك بکاتەوە یان وەکو بەشێك لە پاشکۆی بەرنامەی خۆی، بۆ لای خۆی کێشیان بکات، بەڵام ئەو دەستە سیاسییە نوێیەی کە بۆ هیچ یەکێك لەم تاکتیکانە سەری نەدا، بریتی بوو لە بزوتنەوەی دەسەڵاتدارانی ژنانی ئەوروپاو ئەمریکا.

بزوتنەوەی ئافرەتان ئەوەیان رەت کردەوە کە تەنیا تەرکیز بخەنە سەر ئەندێشەی مارکسیزمی کلاسیکی لە بواری سنوری دیاریکراوی ئابوریدا، ئەو بوارەی کە بە ئاشکرا توانای نەبوو مەرجە تایبەتیەکانی ژنان وەك گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاری بکات، یان یارمەتی گۆڕینی بارودۆخی ئەوان بدات. لەگەڵ ئەمەشدا چەوسانەوەی ئافرەتان حەقیقەتێکی ماددییە، مەسەلەی دایکایەتی‌و کاری خێزانی‌و ماڵداری‌و جیاوازی فەرمان‌و کرێی ناجۆر، هەمو ئەم مەسەلانە ناتوانرێ ببەستینەوە بەم هۆکارانەوە. ئەم مەسەلانەش مەسەلەیەکی ئایدولۆژیای سێکسین، هەروەها شێوازێکیشە کە ئافرەتان‌و پیاوان یەکتری ئەبینن‌و خۆشیان لەودا ئەبینن‌و بۆ یەکتری‌و بۆ خودی خۆشیان لەو کۆمەڵگایەی کە پیاو دەسەڵاتدارە (واتە کۆمەڵگای باوکسالاری).. هەروەها لەو چەمك و شێوازانەی کە لە نێوان توندوتیژیەکی ئاشکراو قوڵی ناهۆشبەندانەدا دێن و دەچن.

هەر تیئۆرێکی سیاسی ئەگەر نەتوانێ لە چەقی سنوری تیئۆری کاری خۆیدا جێگای ئەم

مەسەلانە بکاتەوە، زۆر دور نییە لە زبلدانی مێژودا خۆی ببینێتەوە. هەر لەوێوە دەمارگیریو مەسەلە سێکسییەکان لەو مەسەلانەن کە قوڵترین مەودای ژیانی مرۆڤ داگیر ئەکەن. ئەو ئەندێشە سیاسییەی کە چاو لەم ئەزمونە مرۆڤایەتییە ئەپۆشێ هەر لە سەرەتاوە سیاسەتێکی گۆجە.

بۆیە بزوتن لە بونیادگەرییەوە بۆ پاش بونیادگەری تاڕادەیەك وەڵامدانەوەیەکی ئەم داوا سیاسیانە بوو. ئەگەر بڵێین بزوتنەوەی ئافرەتان سیفەتی داگیرکردنی ئەزمونی هەیە، راست نییە. وەك هەندێ جار ئەڵێن: سوسیالیزم چی بوو! ئەو بیرە نەبوو کە ملیۆنەها ژن و پیاو، نەوە پاش نەوە، هەرچی ئومێدو ئارەزویان هەبوو لە پێناوی شتێکدا کە ناوی "مەزهەبی گشتی" یان "سەرکەوتنی ئابوری" بوو دایان ناو هەندێ جاریش گیانی خۆشیان بەخت کرد. بۆیە راست نییە مەسەلە کەسایەتیەکانو سیاسیەکان پێکەوە باس بکەین. راستە مەسەلە کەسایەتیەکان، خۆیان لە خۆیاندا مەسەلەی سیاسیشن، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، مەسەلەی کەسێتی، کەسێتییەو

مەسەلە سیاسییەکانیش سیاسین.. ناتوانرێ خەباتی سیاسی بۆ کەسێتی بگۆڕرێ، یان بە پێچەوانەوە.

بزوتنەوەی ئافرەتان بە تەواوی هەندێ شێوەی ڕێکخراوەیی نەگۆڕو دەمارگیرو هەندێکیشیان تیئۆری سیاسی (زیاد لە پێویست گشتێتی) ڕەت کردەوە، بەڵام لە ئەنجامدا ئەم کارە بە زۆری بووە هۆی پێشکەشکردنی کەسێتیو خودیو ئەزمونی. ئەویش بەو مەبەستەی کە گوایە ئەمانە ستراتیژیەتێکی سیاسیانەی چوست دەستەبەر ئەکەن، بەجۆرێك ئەو تیئۆرەی نەفی ئەکرد کە ئەتوانرا لە بزوتنەوە باوەکاندا دژی مەزهەبی ئەقڵی ڕابوەستێنرێ، جیا بکرێتەوە..

لە هەندێ بەشی بزوتنەوەی ئافرەتاندا وا ئەبینرا کە ئەو بەشە گوێ بە ئازاری کەسو مەبەستە رامیارییەکانی کەسی تر نادات تەنیا ئافرەتان نەبێ. وەك چۆن مارکسییەکان لە گرنگی پێدان بە چەوسانەوەی کرێکاران زیاتر، هیچ گرنگییەکان بە چەوساندنەوەی هیچ کەسێکی تر نەئەدا.

پەیوەندییەکی تر هەیە لە نێوان بزوتنەوەی یەکسانی ئافرەتان و پاش بونیادگەریدا. لە تەواوی ئەو دوو لایەنە بەراوردکارییەی کە پاش بونیادگەری نیازی بوو لە ناوی ببات، ڕەنگە لە هەموی توندوتیژتر هاوبەرامبەری زنجیرە پلەکانی پەیوەندی نێوان ژنان و پیاوان بووبێ. لە راستیدا ئەم دوو لایەنە لە هەمو دوو لایەنەکانی تر پایەدارتر بوو. سەردەمێك لە مێژوو بەدی ناکەین کە تیایدا نیوەی رەگەزی مرۆڤ وەك بونەوەرێکی ناتەواو نامۆو ژێردەست، نەخرابێتە ژێر چەوسانەوەو نەخرابێتە لاوە.

ئەڵبەتە ئەم راستییە تەکاندەرە، بە دروستی نەخرایە نێو قاڵبی تیئۆرێکی هاوچەرخەوە، بەڵام توانای ئەوە هەبوو، بۆیە جێگای خۆیەتی ئەگەر بە پێی ڕوانینی مێژوش بێت ئەوە ببینین، ململانێی نێوان ئافرەت و پیاو لەوە راسترە کە خراوەتە ڕو، ئایدۆلۆژیای ئەم دژایەتییە وەهمێکی میتافیزیقی لە ناخی خۆیدا حەشار داوە.

ئەگەر هۆی مانەوە بۆ سودو کەڵکە ماددیو پێکهاتە دەرونییەکانی پیاوان بگەڕێتەوە، ئەوا

لەهەمانکاتدا ئەم بارە هۆی مانەوەی بۆ چەند هۆکارێکی ئاوێتەبوو بە شێوەیەکی ئالۆز ئەگەڕێتەوە، وەك ترس‌و حەزو دژایەتی‌و مازۆشیەتی‌و دوودڵی، کە ئەمەش پێویستی بە تاووتوێکردنێکی بەپەلە هەیە.

ئەساڵەتی ئافرەت مەسەلەیەکی جیا یان /نەبەردێکی/ تایبەت نەبوو لە کەناری نەخشە سیاسییەکانی تردا، بەڵکو مەودایەك بوو تەواوی بوارەکانی ژیانی کەسێتی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئەگرتەوەو ئەیهێنانە قسە. پەیامی بزوتنەوەی ژنان بەپێی بۆچوونی هەندێك لەوانەی لە دەرەوەی ئەم بزوتنەوەیەن، ئەوە نییە کە ئەبێ ژنان هێزو پلەو یەکسانیان هەبێ وەك پیاوان، بەڵکو مەسەلەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەم دەسەڵات‌و پلەو پایانە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ بە بەشداربوونێکی بەرفراوانتری ئافرەت جیهان ئەگەشێتەوە، بەڵکو بەبێ /مێینەکردنی/ مێژوی مرۆڤایەتی، ڕەنگە پاشەڕۆژی جیهان ڕەشتر بێت‌و لە مەرگ نزیکتر بێتەوە.

بە راڤەکردنی نەهجی پاش بونیادگەری، ڕێرەوی گەشەکردنی تیئۆری ئەدەبی

هاوچەرخمان تا سەردەمی ئێستا خستە ڕوو، لە دەرونی قوتابخانەی پاش بونیادگەریدا بە شێوەیەکی گشتی هەندێ دژایەتیو جیاوازی راستەقینە هەن، کە ئەبنە هۆی پێشبینی نەکردنی ئایندە. چەند جۆرێکی دیکەش لە پاش بونیادگەری هەن، بریتین لە دابڕینی چێژ لە مێژو، یان بریتییە لە ئاژاوەچێتی نامەسئولانەو جۆری پڕ لە تەمومژی، هەروەها شێوەی دیکەش هەیە وەك کارەکانی مێژونوسی فەرەنسی (میشیل فۆکۆ). ئەم مێژونوسە ئاماژە بۆ چاکترین ڕاو بۆچوونی ئیجابی ئەکات، هەرچەندە کارەکانی ئەمیش بێ کەموکووڕیو گرێو گرفت نییە.

شێوەی تریش لە بزوتنەوەی ئافرەتان هەن، کە داوای یەکسانی سێکسی ئەکەن، لە نێوان هەردو توخمەکەدا، بەڵام ئەم بزوتنەوانە (توندڕەون) هەروەها پێ لەسەر زۆرایەتیو جیاوازیو ناکۆکی سێکسی دائەگرن.. هەروەها جۆرێك لە بزوتنەوەی نێوان ژنان و پیاوان هەن، بڕوایان بە سوسیالیستی هەیەو لەهەمانکاتدا ناهێڵن، بزوتنەوەی ئافرەتان یەکسەر ببێ بە ڕەگەزێك یاخود گەردن بۆ ژێر بەشێکی تری

بزوتنەوەیەکی دیکە دانەوێنێو سەرەنجام ببێ بە ژێردەستەی ئەو، بەڵکو لەو باوەڕەدان کە ئازادی گروپەکانی ترو چینە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا نەك تەنیا کارێکی ئەخلاقی و سیاسییە بەڵکو مەرجێکەو بۆ ئازادی ئافرەتان پێویستە.

بەڵێ، ئێمە لە جیاوازی نێوان نیشانەکانی سۆسێرەوە دەستمان پێکرد و گەیشتینە کۆنترین جیاوازی لە جیهاندا، ئێستاش دەست ئەکەین بە لێکۆڵینەوەی ئەم جیاوازییە.

# پەراوێز

*1-See Roland Barthes, "The Death of the Author" in Stephen Heath (ed.). Image, Music, text: Roland Barthes (London, 1977).This volume also contains Barthess 'Introduction to the Structural Analysis of Narrative'.*

*2-See From work in Text, in Image – music – Text: Roland Barthes.*

*Gabriel Josipovici, The Sirens Song (Brighton, 1982).*

*4-phillippe Lacoue –Labarthe and Jean-Luc Nancy (eds.), Les fins de lhomme (paris, 1981), pp. 526-9.*

# پەراوێزی وەرگێڕ

–لە ڕووی دەنگ و بڕگەوە ئەم وشانەم کردوە بە کوردی بۆ ئەوەی لەگەڵ دەقە ئەسڵەکەدا بگونجێ و مەبەستەکەش بپێکێ، چونکە بە وەرگێڕانی ئەو وشانەی خۆی بۆ سەر پیت و مانای کوردی چەمکەکە ئەگۆڕا.

–*Cat* بە واتای (پشیلە).

هەندێ زاراوەی تایبەت لەم نوسینەدا هاتوە وا لە خوارەوە هەندێ تێبینی و شیکردنەوەی ئەخەینە سەر:

نیشانەیی، یان ئاموزەکاری ئەم زاراوەیە چەند شتێك ئەگەیەنێ:

*1*–بە ڕەمزی یان وشەیە یاخود ڕستەیە تەعبیر لە شتێك ئەکات.

*2* –وێنەی شتێك لە زەیندا دائەنێ.

*3* –وەك بەدیلێك لە جیاتی کەسێك یان چەند کەسانێك.

–مەبەستناسی، مەبەستێتی

*1* –ئەو پرنسیپەی کە ڕای وایە هەموو شتێك لە سروشتدا ئامانجێ یا مەبەستێکی هەیە.

*2* –یان مەبەستی ئەو بۆچوونەیە کە دیاردەکان تەنیا یاسای میکانیکی نایانجوڵێنێ، بەڵکو ئامانج و مەبەست بەرەو لای پەلکێشی ئەکەن.